# جیهانی مناڵان

## گۆڤارێکی فەلسەفی، ئەدەبی و هونەریە
## دەربارەی مناڵان

ژمارە 5



صوبح پێناکەنێ تا منداڵێک نەگری....!

# Barnens Värld

***Om barnens livsvillkor världen över***

***Barnhem i Saqis & Diwandere***



**کۆچی یانەی سارا لە سلێمانیەوە بۆ سەقز و دیواندەرە بۆچی؟**

Ali Ketabi
C/O Shihab Manmy
Fjäderharvsgatan 17
424 66 Angered, SWEDEN. Tel: +46 (0) 31-3302030

www.sara.just.nu
shihab.manmy@telia.com

ISSN 1651-5188

**لیستەی یارمەتی پشتیوانان و خوێنەران و کڕیارانی گۆڤاری جیهانی منداڵان ژمارە 5 وەرزی بەهاری 2003 هەزینەی چاپی ژمارە چوار 2300 کورۆن بوو کە وەك هەمیشە دوای دەرچونی پەرداخت کرا و دەکرێت.**

..........................................................

| | | |
|---|---|---|
| 1 | بەختیا رپێنجوێنی | 230 |
| 2 | خوشکە بەهار | 200 |
| 3 | فەتاح کوخەرەزا | 60 |
| 4 | کامەران قادر | 30 |
| 5 | کاك جومعە | 30 |
| 6 | خوشکە خالیدە | 30 |
| 7 | کاك ئاشتی | 30 |
| 8 | ئازاد عەزیز | 400 |
| 9 | هیوا عەزیز | 200 |
| 10 | دایکی ئامانج | 200 |
| 11 | کاروان تالب | |
| 12 | دایکی شایی | |
| 13 | شوان تالب | |
| 14 | سامی حەسەن عەبدوڵا | |
| 15 | سوران شەریفی | 50 |
| 16 | کامل ئەحمەد | |
| 17 | کۆنە هاوڕێیەك | 30 |
| 14 | ڕەزا لوتفی | |
| 15 | سەلمان هەبەکی | 70 |
| 16 | سارا سوڵتانی | |
| 17 | ئەحمەد ئاسۆ | |
| 18 | ڕەسوڵ محەمەدی | 200 |
| 19 | ڕەوف ڕەمەزان عەلی | 100 |
| 20 | ڕەوف شوانی | |
| 21 | غۆلامی زەبەردەست | |
| 22 | سەلیمی بابان | |
| 23 | سەردار و سان | |
| 24 | م. حسێن دەربەندیخانی | |
| 25 | مونیر و حەسن عەباسی | 50 |
| 26 | هوشیار تاجری | 150 |
| 27 | ئازاد کاروان | |
| 28 | فواد هەولێری | 60 |
| 29 | ئەبوبەکر و هادیە | |
| 30 | کاوە و بەیان | 300 |
| 31 | کاوەی شێخەڵە | 70 |
| 32 | عەباس دەرویش | |
| 33 | شابازی سەقز | |
| 34 | تەها هەورامی | 300 |
| 35 | زارا قاسمیانی | |
| 36 | م. ف. پێنجوێنی | 200 |
| 37 | ئایدا | 100 |
| 38 | وەستا عەبدول | 100 |
| 39 | کوبرا مەهاباد | |
| 40 | تیفور بەتحایی | |
| 41 | ڕەسوڵ سەفەریانی | 60 |
| 43 | م. کاوە ئەحمەد | 30 |
| 44 | تاهیر مەحموودی | |
| 45 | م. مجید فەرەج | 100 |
| 46 | فرهنگسرای اندیشە | 50 |
| 47 | کاوە عبدوڵا و دایکی | 60 |
| 48 | ناسر بازگر | 50 |
| 49 | خوشکە هەدیقە | |
| 50 | حسین مەکتوبی | 100 |
| 51 | روفیە رەمەزانعەلی | 100 |
| 52 | کاوەی شێخەڵە | 70 |
| 53 | سۆران شەریفی | 50 |
| 54 | کاك سابیر | 40 |
| 55 | ئەشرەف شەیدای هاشمی | 150 |
| 56 | ئەردەشێر زەبەردەست | 100 |
| 57 | خوشکە هانیە | 90 |
| 58 | حەمەفەریق حەسەن | 100 |
| 59 | ئاراس ڕۆسلوۊ | 100 |
| 60 | هەڵمەت حەسەن | 30 |
| 61 | کاوەی تزرگپناە | 150 |

**خوێنەرانی هێژا!**

**من کە بەرپرسیاری ئابووری گۆڤارەکەم، پێم خۆشە کە لەسەرەتای دەرچونی هەر ژمارەیەکدا، لێکۆڵینەوەیەکی ئابوری بکەم بۆ ڕوونکردنەوەی دەخل و خەرجی وەرزەکە. تا بۆ خوێنەرو یارمەتیدەرانی گۆڤارەکە ڕوون بێت کە دەخل و خەرجی گۆڤارەکەو یانەی سارا چەنێکە.**

= 4530 **کڕۆن یارمەتی و پارەی فرۆشی گۆڤارەکە.**

= 2400 **خەرجی چاپکردنی ژمارە** 4 **ی گۆڤارەکە. (**2400 **تیش بۆ ژمارە** 5**).**

= 600 **کڕۆن خەرجی پۆست و CD.**

= 7000 **کڕۆن لەم وەرزەدا واتە** 3 **مانگ، ناردراوە بۆ مەسرەفی یانەی سارا لە سەقز. (**200 **دۆلاریش ناردراوە بۆ سلێمانی).**


**کەواتە سەرجەم داهاتمان** 4530 **کڕۆن بووە و خەرجیشمان** 14350 **کڕۆن بووە.**

**تێ بی نی:** 80 **دەرسەدی ئەرك و کۆمەکی دارایی یانەی سارا (وێڕای هەموو زەحمەتەکان) تەنیا لەلایەن مامۆستا (عەلی کیتابی) ەوە بووە.**

**بەرپرسیاری ئابوری** **شەهاب مەنمی**

# جیهانی منداڵان

## گۆڤارێکی فەلسەفی ئەدەبی هونەریە



سەرنووسەر

**عەلی کیتابی**

مۆنتاژکارو بەرپرسی ئابوری

**شەهاب مەنمی**

**جیهانی منداڵان**

گۆڤارێکی وەرزیەوله سوێد دەرئەکرێ و

لە کوردستان دووبارە چاپدەکرێتەوە

زاگروس مێدیا هەڵساوە بەیارمەتیدان و چاپکردنی

# جیهانی منداڵان 5

| لاپەڕ | بابەت | نووسەر |
|---|---|---|

3 وتەی سەر دەبیر ......................................... عەلی کیتابی
تاڤلۆ: هاوار= Edvard Munch

بابەتی سەرەکی ئەم ژمارەمان کۆچی یانەی سارایە لە سلێمانیەوە بۆ سەقز و دیواندەرە. تکایە بڕواننە ئەم لاپەڕانە 25 تا 29

4 دەربارەی ڕەوانکاوی منالان ....................پەروانەی قورەیشی
17 مۆم 2 پارچە شیعر ی.............................. بەختیار پینجوێنی
6 دامپ گرفتی منالی کەم ئەندامی (مێشك) ............د. قادر شەریف
21 چمکێك لە ڕۆمانی سارا ..................................عەلی کیتابی
16 نامەی دایکێکی زیندانی....................ئاسۆ ڕەشی بیارەیی
20 چاوەڕوان: شیعرێکی ........... حسێن حاجی علی دەربەندیخانی
18 بۆ دایك ............................................ جەماڵ عەبلی عەبان
13 نامەی چارلی چاپلین بۆ کچەکەی=وەرگێڕان.......... عەلی کیتابی
30 کۆتر شین و زەوی سپی .................... محەمەدفەریق حەسەن
15 نیشتمانی نێوان دوو زێ ...............................مەهاباد قەرەداغی
8 کەسایەتی تاك لەخێزانی نەریتیدا........... مەهاباد قەرەداغی
18 چەن پارچە شیعرێك ..................................سارا سوڵتانی
25 نامەکان ........................................... گۆڤاری جیهانی منالان
27 ئاهەنگی شادی و شیوەنی مادی ..........گۆڤاری جیهانی منالان

32 ئاورێك لە منالانی ولات.......... ڕەسوڵی سەفەریانی

## گۆڤاری جیهانی منداڵان

ئەم گۆڤارە ئۆرگانی یانەی سارای منداڵانە
بونیانگوزار و سەر دەبیر عەلی کیتابی
بەرپرسی بەشی ماڵی و مونتاژکار شەهاب مەنمی
بەرپرسی سایتەکانی ئەنتەرنێتی ئاسۆ ڕەشید بیارەیی
هاوکارانی بەدەربەستی تائیستایی
ماموستا فایەق پێنجوێنی
د. قادرحەمە شەریف
سەرداری سانی
ڕەسوڵی سەفەریانی
ڕەسوڵی محەمەدی و بەختیار پێنجوێنی

جێگەی لیستەی ناوی ئەو ئازیزانەی، پشتیوانانی مەعنەوی و مادی ئەم گۆڤارەن، هەمیشە یەکەم لاپەڕەی ئەم گۆڤارەیە.

ئامانجی بنچینەیی و مەرجەکانی گۆڤاری جیهانی منداڵان:
ئەم گۆڤارە، گۆڤارێکی فەلسەفی، ئەدەبی، هونەری و خەبەریە. بەگشتی دەربارەی منالان دەدوێ، بەتایبەت ئەو منداڵانەی لەسەرەتای شکڵگرتنی نوتفە و پەروەردە بوونیانەوە! بەناچاری و بێ ئیختیاری لەناو بازاڕی هەڕاج و زۆرەملێی، کاری پڕووکێنەری فیکری، ڕۆحی، ڕەوانی و جەستەییدا! نوقم و نوغرۆ دەبن و دەکرێن. ئەم گۆڤارە زەرفێکی زۆر گرینگ و تایبەتیە بۆ ئەو پسپۆڕ، نووسەر، ئەدیب و هونەرمەندانەی بەدەربەستن بۆ خولقاندن و نووسین و وەرگێڕانی ئاساری فەلسەفەی دەروونناسی و ڕەوانکاوی منداڵان. گەرچی ئەم گۆڤارە بە ئارم و ناو و ناوەرۆکەکەیدا دیارە بێسنوورە، بەڵام تایبەتمەندیەکی تایبەتی بە منداڵانی کوردستانەوە هەیە، چونکە لە سەرەتادا سلێمانی سەنتەری شکڵگرتنی ئەم پڕۆژە و پراکتیك و بیرۆکەیە.

مەرج و بەردی بناغەی، یانەی سارا و ئۆرگانەکەی، کە ئەم گۆڤاریە، تەنیا ئەم چەن خاڵانەی خوارەوەیە.

نووسەران و دەستەی نووسەران و پشتیوانانی، ئەو نووسین و بەرهەمانەی کە بۆ ئەم گۆڤارەی دەنووسن و دەینێرن. نابێ هیچ جۆرە بۆن و بەرامەیەکی! سیاسی، حیزبی، مەزهەبی و ڕەگەزپەرستی پێوەبێ. ئەمە بەومانایە نیە مرۆڤە سیاسی و حیزبی و مەزهەبی و نەتەوەییە سادق و ساکارەکان بێبەشکەین لەم کارە پیرۆزە. مەبەستمان دووری گرتنە لەو کەسانەی خاوەنی ئیدئۆلۆژی حیزبی، مەزهەبی و ڕەگەزپەرستین.

**دەتوانن بەم ژمارە حیساب بانکانە یارمەتیکانتان بنێرن:**

Förenings Sparbanken ” Barnens Värld”
8105-9 974 464 218-3
Bankgiro: 5469-4922

## وتەی سەردەبیر



بێگومان تیتری سەربەرگی ئەم ژمارەیە لە گۆڤارەکەماندا واتە (**کۆچی یانەی سارا لە سلێمانیەوە بۆ سەقز و دیواندرە بۆچی؟**)، بۆ گشت خوێنەران، هەتا ئەو کەسانەی تەنیا چاوێکیش بخشێنن بە سەربەرگی ئەم ژمارەیەی گۆڤارەکەماندا، رەنگە جێگای پرسیار بێت. بەڵام بۆ ئەوکەسانەی ئاگاداری پێکهاتنی یانەی ساران لەسلێمانی بیگۆمان جیگای سەر سوورمانیشە.


بە پێی زانست و فەلسەفەی دیالکتیک ئاڵ و گۆر لە وجود و مەوجودیەتی (کەون و کائێنات)دا، لەم گۆی زەوینەی خۆمانەوە بگرە بە دەریاو زەریاو گژ و گیاو گیانلەبەرانیەوە تا گەردونای گەردون بە کاکێشانەکانیەوە بێوچان و پشوودان لە ئاڵ و گۆڕ دان. دیارە ئێمەی مرۆڤیش لە دار و بەرد و ئاسن سەختتر نین، تا ئاڵوگۆر بە سەر مێشك و لەشماندا نەیەت.

وەختێ بارستایی دەیان مەتر بەفر لەچیا بەرز و بڵیندەکانی زاگرۆس و هیمالایا...، لە برێ شوێنی سیبیریەو قوتبەکانی شیمال و جنووبدا بگرە بە سەدان مەتر بەفر دەتوێتەوە. ژینگە و دەشت و دەر و باغ و باغات و کانی و کێڵگە پڕ پیت و بەرەکەت دەکات، ژیانی پەڕندە و چەرندە و مەل و موور و مرۆڤیش مسۆگەر دەکات. بە دەگمەنیش برێ ساڵ بەفر و باران برێك کەم یان لە برێك کیشوەر و شوێن هەر نابارێ. بەشێکی زۆر گژو گیاو گیانلەبەران دەفەوتێن، یان لەبەر وەچنگ هێنانی بژیو بۆژیان، یان قازانجی تاکەکەسی! بە بیرو باوەڕ و کردەوە 180پلە وەردەچەرخێن.

ئەمەیە بەراوەرد و بۆچوونی من: بۆیە لە مامۆستا ڕەوف حەسەن زۆر نیگەران وگلەمەندنیم!

ئەو مامۆستا ڕەوف حەسەنەی 50ساڵ لە 65 ساڵەی تەمەنی لە دژی سانسۆر و داخستنی گۆڤار و ڕۆژنامە و وەدەرنانی کرێکار و کرێچی، لە جیگەی کار و ژیانیاندا! بە زمانی خۆیو قەڵەمە سەربەرزەکەی بەربەرەکانێو خەباتی بێوچانی کردوە. کەچی ئێستا لە بەرابەر بەختی ڕەشی خوشکە نەزیرەی منداڵورد و گۆڤاری جیهانی منداڵانی مندا، بۆتە وەدەرنەر و مەنعگەرو سانسۆرگەر؟!

بەو هیوایەی خوێنەرانی خۆشەویست ئەگەر بۆیان بکرێت، بۆ وەڵامی بونیادنان و کۆچی یانەی سارا و کردەوەکانیمن، پاش خوێندنەوەی ناوەرۆکی هەر پێنج ژمارەی ئەم گۆڤارە، بە تایبەت ژمارە یەکی ئەم گۆڤارە، دوژمنانە بیخوێننەوە و دۆستانە و دادوەرانە هەڵوێست بگرن سوپاستان دەکەم.



سەبارەت بە نووسراوەی ژمارەی پێشو ئەمجارە لەسەر پێگەیشتنی منداڵ، چۆنایەتی جیابوونەوەی منداڵ لە دایکی و کەسایەتی منداڵ باسەکەمان درێژە پێدەدەین.



## پەروانەی قورەیشی

لە ڕوانگەی Margaret Mahler منداڵ بە سێ قۆناغ تێدەپەڕێ

1 – قۆناغی فەرق و جیاوازی

2– قۆناغی تاقیکردنەوە

3– قۆناغی جارێکی دی خۆنزیك کردنەوە

پاش ئەوەی کە منداڵ لە نێو هێلکەی یەکبوون لەگەڵ دایکدا وەدەرهات لە (لەنێوان 6 وەیا 8 مانگدا) منداڵ دەگاتە قۆناغی تاقیکردنەوە. لەم قۆناغەدا منداڵ زۆر بە کەیفە، بۆئەوەی ئەوها لەحاڵەتی کەشفکردنی جیهاندا سەرتاپای ژیانی پڕە لە کەیف و خۆشی و کامەرانی، بۆ ئەوەی کە دەبینێت ئەو دەتوانێ بەهێزی خۆی (هەرچەندە هێشتا کەمە) شتێك جێبەجێ بکات و پێی‌وایە و گەرەکیە کە هەرگۆشەیەکی دنیای دەورو بەری، دەبێ بە دەستی ئەو کەشف بکرێت. ئەم دەورە ناوی نراوە (خۆشبوونی دنیا (خۆشبوونی جیهان).

ئەو کاتەی کە منداڵ بەچوار دەست و پێ لەم سووچەوە بۆ ئەو سووچی ناومال، گاگۆڵکێ و گڕوگاڵ دەکات، پێدەکەنی و هاوار دەکات، دنیا بە مڵکی خۆی دەزانێو پێی‌وایە دنیا لەژێر پێی ئەودایە. ئەمە ئەوە و هێز و توانای ئەوە کە دنیای دەوروبەری دەگۆڕێ. بۆ نموونە لەهەمان حاڵیشدا منداڵ نازانێ کە دایکی بەرگری لەوە دەکات کە نەکەوێت و ئازاری پێ‌نەگات.

شادیو خۆشی منداڵ سەبارەت بەکارەکانی و هەست بە سەربەخۆیی، بۆ ئەو زۆر گرینگە. منداڵ لێرەدا جیاوازی لە نێوان خواست و ئارەزو و عەمەلدا دانانێت، هەرسێکی وەکو یەك دەبینێت. بەڵام ئەم سەردەمە زوو بەسەر دەچێت و ئەم بەهەشتە کۆتایی دێت.

لە تەمەنی 14مانگی‌دا منداڵ دەگەیەتە دەورەی دووبارە نزیکبوونەوە. ئەم دەورە پڕە لە کێشە و گیروگرفت. منداڵ دەبێ خۆی لەگەڵ واقیع و سنوورەکانی دنیای دەوروبەری هەمبەربکات و بگونجێنێ. ئەو واقیعە وە یا ئەو ڕاستیە قەبووڵ بکات کە ئەو (وابەستە) پاوەندە بەدایکیەوە، یان بەوکەسەی بەخێوی دەکات.

هەرچەندە کە منداڵ دەتوانێت خۆی زۆرشت بکات بەڵام ئەو دەیەوێت دایك و باوك لەگەڵیا شەریك بن، ئەوان واتە (دایك و باوك) هەمووکاتێ ئەو کەشفیاتەی منداڵ دەیکات بەڕاستی بزانن و سەربەخۆیی ئەو بەشێوەکی ڕەسمی قەبووڵ بکەن. منداڵ دەیەوێت دایکی لەهەموو کردەوەکانیدا بەشدار بێت، زۆرجار منداڵ دەیەوێ خواست و ویستی خۆی بەشێوەیەکی دیکتاتۆریانە بەسەر دایکی‌دا داسەپێنێ. ئالێرەدا منداڵ تێدەگات کە ئەو لەدایکی جیایە و دەتوانێت خۆی لەدایك دوورخاتەوە، لەهەمانحاڵدا دایکیشی دەتوانێ خۆی لەو دوورخاتەوە.

منداڵ پێی وایە کە ئەو هێزو توانایەکی جیاوازی هەیە کە دەتوانێ دایکی بەتەواوی کونترۆڵ بکات، پێی وایە کە کارەکانی دایکی لەژێر هێزو فەرمانی ئەودایە، وەیا ئەمە ئەوە کە دنیای دەوروبەری دەگۆڕێ. (کاتێ کە منداڵ گەورەتر دەبێت هێشتا پێی وایە ئەگەر بۆنموونە باوکودایکی شەڕ بکەن پێی‌وایە ئەو سەبەبی شەڕی نێوان ئەوانە، وەیا ئەوان پێکەوە تەبان و ئەمێنن (بەشێوەیەکی ناخودئاگا) خۆی بە بەرپرسیار دەزانێ. بە ڕای Jessica Benjamin منداڵ دەیەوێ وەکو ئاغا بەسەر ژێردەستەی خۆیدا ڕەفتاربکات.

Hegel لە نووسراوەکەیدا Phänomenologic des Geisteg باسی دووخواست یان دوو مەیل دەکات کە لەگەڵ یەکترا ناگونجێن، لەلایەکی تریشەوە خواست و نیاز بە سەربەخۆیی تەواو، وە لەلایەکی تریشەوە ئارەزووی دانپیانان. بۆ دانپیانان قەبولبوون هەمیشە پێەیست بە subjekt یێکی دیکەیە. لێرەدا دووکەسی ئازاد دەبینرێت کە بەوامبەر یەکتری ڕاوەستاون، وە هەریەك لەوانە دەیەوێ لەلایەن ئەوی ترەوە وەکو کەسێکی سەربەخۆو خاوەن ڕێز بناسرێت. خواست و ئارەزوی سەربەخۆیی تەواو مەحالە. بۆئەوەی کە بۆ جێبەدێ بوونی خواست و ئارەزوەکە دەبێ subjekt یێکی تر ببێت کە ئەم خواستە دان پیابنێت. تەنیا subjekt دەتوانێت دان بنێت بەودا. ژێردەستەیی و چەوسانەوەی مرۆڤێ لەلایەن مرۆڤێکی دیکەوە (لەرابیتەی نێوان ژن و پیاودا) لە ئەو کاتەوە دەست پێدەکات، کە مرۆڤ نەتوانێت یان نەیەوێت ژێردەستەیی خۆی بەمرۆڤێکی دیکەوە پێ

قەبول بێت. بۆ پەیوەندی منداڵ لەگەڵ دایك و دنیای دەوروبەری‌دا بار و دۆخێکی زۆر خراپە. ئەگەر منداڵ نەیەوێت و نەتوانێت لە فانتازی و خەیاڵی ئەو کە هێزو توانایەکی ئێجگار زۆری هەیە دەست بکێشێت و پێی وابێت کە ئەتوانێت سەربەخۆبێت بێ‌ئەوەی کە باوەڕی بە سەربەخۆیی ئەوی دی بێت، وەیا تەنیا و تەنیا سەربەخۆیی خۆی پێ‌باش بێت. (منداڵ وادەزانێ! "دایکم تەنیا بۆئەوە زیندوە کە خواست و مەیلی من جێ‌بەجێ بکات". یا کە دایك وەکوو کەرەستەیەك بێت کە خواستەکانی منداڵ وەدیبێنێت، پێی وابێت کە دایك ها لەژێر فەرمان و دەستوری ئەودایە).

منداڵ پێی وایە کە ئەو و دایکی یەکن و لەیەکتر جودا نین (دایکم منە و کونترۆڵی ئەو لەدەستی مندایە).

بەکورتی منداڵ فێرنابێت کە دان بەوەدا بنێت کە دایکی مرۆڤێکی ترە، مرۆڤێکی سەربەخۆیە لەژێر فەرمانی ئەودانیە. منداڵی‌تر هەن کەدایك وەکوو مرۆڤێکی خاوەن توانایەکی زۆر دەبینن و خۆیان بێ‌هێز و لاواز دەزانن. ئەمەش هەر کونترۆڵ کردنی دایکە، بەلاَم بەشێوەیەکی دی. بۆنموونە من باشم و خاوەن تواناییم، بۆئەوە من وەکوو دایکم چەنکو ئەو زۆر باشە و بە توانایە.

لێرە دەگەڕێتەوە سەر بارودۆخی دەروونی دایك و هەڵس و کەوتی لەگەڵ منداڵدا. دایکێ وەیا باوکێ کە توانای ئەوەیان نەبێ، بەرانبەر بە منداڵ سنوور دابنێن و منداڵ هەرچی بیەوێت بتوانێت ئەنجامی بدات. منداڵی وا هەیە بەرانبەر بە دایك و باوکدا هێرش دەکات، یا لەخەیاڵی فانتازی و یا بەئاشکرا دەیەوێ درێژەی پێ بدات، و بەهیوای دروستکردنی سنوور و کۆسپێکی قین و (خەصم). منداڵی سادیست ئەومنداڵەیە کە دایکوباوك هەزارجار مەکەڕۆڵەی پێ دەڵێن بەلاَم تاقەجارێك لەو هەزارجارە شێوەیەکی ڕوون و موشەخەس نیە. منداڵ هیچ کاتێ ڕوبەڕووی مەورد (Objekt) واقیع وگیاندار نابێتەوە کە نەتوانێت ئەو لە بەین ببات (لەخەیاڵدا). ڕەفتار و کرداری دوایی مرۆڤ لەگەڵ هاوژیان و کەسی‌دی، هەروەها کێشە و گرفتەکانی لەکەڵ هاوژیان و خەڵکی‌تر، سەرچاوگەکەی ها لەشێوە و شکڵی جیابوونەوەی لەگەڵ دایکدایە، یا ئەو کەسەی کە بەخێوی دەکات. لەلایەکی دیکەشەوە سەرچاوگەی خۆشەویستی (خۆشەویستی نێوان دوو جنس وەیا جنسی یەکسان) ها لەسەرەوەی منداڵی‌یەوە و لە دەستپێکردنی ژیانی منداڵەوە دروست دەبێت.

ڕیشەی خۆشەویستی (Erotik) نزیکی قووڵ و فراوانی نێوان دایك و منداڵ و پێکەوە بەستراو بوونی ئەوان دروست دەبێت.

پێویستیو گرینگی گەرمەی خۆشەویستی دایك بەرانبەر منداڵ و ڕەنگدانەوەی لەسەر گەشەکردنی منداڵ و پێگەیشتنی ژیانی گەورەساڵی خاڵێکی زۆرگرینگە. نموونەی خوارەوە گرینگی وتەی سەرەوە ڕوون دەکاتەوە.

لە تاقیکردنەوەیەکدا (Experiment) کە لەسەر مەیمون دراسەت کراوە، گرینگی بوونی دایك بەم شێوەیەی خوارەوە دەسەلمێنێ. پاش لەدایکبوونی مەیمون، منداڵە مەیموونەکە لە دایکی جیادەکرێتەوە و لە جێگای دایك شتێکی‌تر بەدەڵ لەوێ دروست دەکەن و برێك پووش دەخەنە سەری. منداڵە مەیموون پێی‌وایە ئەوە دایکە، کاتێ گەرمای دەوێ خۆی لەپاڵ ئەو "دایکە" بەدەڵە دروستکراوە دەخزێنێ. پاش ئەوەی کە گەورە دەبێت، ئەوەندەی کە لەسەر ئەم مەیموونە دراسەت دەکەن دەبینن کە بە پێچەوانەی مەیمونەکانی‌دی کە لەگەڵ دایکیان گەورە بوون، ئەم مەیمونە بێ‌دایکە ناتوانێ وەکو ئەوانی‌دی جوتگیری بکات و بەتەنیا دەمێنێتەوە و زیاتر لەگۆشەیەکدا دائەنیشی و تێکەڵ ئەوانی‌تر نابێت.

زانایەکی‌دی ئاڵمانیR.A.Spitz کەلەسەر ئەو منداڵانەی بێ‌باوك و دایکن و لە شوێنی تایبەتی‌دا کە منداڵانی بێ‌باوکو دایکی تێ‌دا گەورە دەبن، بەم ئەنجامە گەیشتووە کە ئەم منداڵانە لە تەمەنی گەورەساڵی‌دا زۆربەیان لە ژیانی جنسی‌دا تووشی مشکیلە دەبن و بە ئاسانی ناتوانن هاوژیان وەیا وەکو یاری جنسی بۆخۆیان پەیدا بکەن.


سەرچاوەکان

Jessica Benjamin

Margaret Mahler

R.A.Spitz

# دامپ
## DAMP



**قادر شەریف**

ووشەی DAMP کورتکراوەی واژەی **D**eficit in **A**ttention **M**otor funktion and **P**erception ئینگلیزیە و بە کوردی مانای گرفت لە تێروانین و جموجووڵی فیزیکی دەبەخشێت. لە زانستی پزیشکی کۆندا ناوی MBD (**M**inimal **B**rain **D**ysfunktion) بووە، ماناکەیشی کەواتە: **کەم لە کارکەوتنی مێشك دەگرێتەوە.**

دامپیش یەکێکی ترە لە کەم ئەندامیە شاراوەکان، ئەو منداڵانەی لەم شێوە کەم ئەندامیەیان هەبێت لە ڕێکخستنی سەرنج و کاردانەوەی پێویست بۆی بێتوانان. لە کۆمەڵگای خۆماندا لە بەر نەبوونی زانیاری پێویست لەبارەی گرفتەکەوە، باری گیرۆدەبووان و خێزانەکانیشیانی هەزاران ئەوەندەی تر گران کردوە. لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، بۆ نموونە لە وڵاتی سویدا زۆر ئاسانکاری بۆ ئەم شێوە کەم ئەندامانە پێشکەش دەکرێت، وە هەرشتێك یا بەرنامەیەك ببێتە هۆی ئاسایی کردنی ژیانی ئەم مرۆڤانە، بێ گوێدانە نرخ و هیلاکی ئامادە دەکرێت.



هۆکانی توشبوون بەدامپ:

تا ئێستا هۆی توشبوون بە دامپ بەڕوونی ئاشکرانەبووە، هەرچەندە گیرۆدەبووانی ئەم گرفتە لە هەموو لایەك زۆرن بۆنموونە ساڵانە ژمارەی 2–7 ٪ منداڵان لە سویدا بە شێوەیەك لە شێوەکانی دامپ گیرۆدەبوو دەناسرێن. ئەوەی ئاشکرایە مەترسی توشبوونی کوڕان 5 ئەوەندەی مەترسی توشبوونی کچان زیاترە لە کۆمەڵگادا. دامپ تایبەت نیە بە چین و توێژێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگادا بەڵکو (خێزانی هەژار، دەوڵەمەند، خوێندەوار یا نەخوێندەوار) وەك یەك مەترسی سەرهەڵدانی دامپیان تێدا هیە. بەڵام بەدڵنیاییەوە ئاژاوەی ناو ماڵ، هەژاری، بێتوانایی لە سەرپەرشتی کردندا ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕێ لە زیاد گرانکردنی باری منداڵە گیرۆدەکە. بەڵام شارەزایان دڵنیان لە ڕۆڵی یەکێك یا زیاتر لەم فاکتەرانەی لای خوارەوە لە کاتی سەرهەڵدانی دامپدا:

- زیان کەوتن لە مێشك:

بێگومان بەهۆی کارەسات یا گۆڕانکاری شیمیایی/هەڵەی کرۆمۆسۆمی لە لەشدا، زیان لە ناوەندە گرنگەکانی ناو مێشك دەکەون, کاتێك منداڵ لە زگی دایکیدایە یا کاتی لەدایکبوون یا لە ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵدا مەترسی سەرهەڵدانی دامپ هەیە.

- فاکتەری ژینیتیکی:

هەندێ گرفت بۆ نموونە ناکامڵ بوونی ناوەندەکانی ناو مێشك لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا، لە دایك و باوکەوە بۆ نەوەکانیان دەگوێزرێتەوە.

- ڕاوەستان یا خاوبوونەوەی گەشەی ئەندامەکانی لەش:

زۆر جار لەبەر هۆی نەزانراو کاتێك منداڵ لە زگی دایکیدایە گەشەی ئاسایی وەك پێویست ناڕوات زۆر جاریش بەیەکجاری دەوەستێت، کاریگەری نێگەتیفی ئەمە زۆرتر لە سەر مێشکی منداڵەکە وە ناوەندە گرنگەکانی دەکەوێت.

دەست نیشانکردنی دامپ:

لە منداڵانی گیرۆدە بەم دەردە بەتایبەت کوڕاندا زیاتر هەست بە (تووڕەبوون وە هەڵچوون، گۆشەگیری، خووی تێکدەری) دەکرێت. دەشێ بووترێت ئەگەر لە هەر منداڵێکدا لانی کەم 3 دانە لەم گرفتانەی لای خوارەوە نوسراوە بەدی کرا, ئەوا ئەو منداڵە شێوەیەك لە شێوەکانی دامپی هەیە.

× سستی لە جموجووڵدا:

ئەم سستیەش هەردوو شێوە کەی (وورد و درشت) ی جمووجوڵی فیزیکی دەگرێتەوە, هەندێ منداڵ هەر لە سروشتدا بۆخۆی خاوە و ئەو کارامەییەی لە منداڵی ئاساییدا بەدیدەکرێت لەمدا بەدی ناکرێت، بەتایبەت ئەگەر گرفتی لە جمووجوڵی ووردیشدا هەبێت، ئەوا توانای ئەنجامدانی هەندێ چالاکی وەك پێنوس گرتن بەدەستەوە، خەتکێشان، جل وبەرگ پۆشین ی ئاسایی نیە.

× لاوازی لە پێکەوە گرێدانی کاری هەستەکان:
ئەو منداڵەی ئەم گرفتەی هەبێت ناتوانێت بە ئاسانی شێوەی ژمارەیەك یا پیتێك بناسێتەوە، جیاکردنەوەی بەرزی و نزمی دەنگ یا وێنە لە سێبەر بۆی زۆر گرانە لاکان وەك، چەپ، ڕاست، لەسەر، لەژێر لێکجیاناکاتەوە. هەندێ جار بە بۆن یا تامیش ئاڵۆزدەبن.

× سستی لە تێگەیشتن وفێربووندا:
هەمیشە لە سەرەتای ژیانی قووتابخانەدا هەست بەم گرفتە دەکرێت، چونکە منداڵەکە لە شێوەو دەنگی پیت تێناگات، ناتوانێت وەك منداڵی ئاسایی بە ئارامی لەپۆلدا دابنیشێت، بە ئاسانیفێری خوێندنەوە و نوسین نابێت و لە شتەکان تێناگات، جگە لە هەندێ شتی پچڕ پچڕ هیچی تری لە وانەکان وەبیرنایەتەوە.

× ڕەفتاری نامۆ:
منداڵی گیرۆدە بەم گرفتە پتر لە ئاسایی لە کاتی بە ئەنجام گەیاندنی هەندێ چالاکی گران لە بەر بێتوانایی خۆی زۆر تورە دەبێت، وە زۆر جاریش لە جیهانی خۆیدا بەبێ هۆ نوقم دەبێت.

× گرفت لە گفتووگۆکردندا:
منداڵەکە توانای دەربڕینی ووشە یا ڕستەی پرمانای نیە، وە لە ڕاگرتنی بالانسی بەرزی و نزمی دەنگ بە پێی شوێنە جیاوازەکان کارامەنیە. هەر بۆیە دەوروپشت هەست دەکەن کە منداڵەکە لە بری ئاخاوتن دەقیژێنێت.

نیشانەکانی دامپ بە پێی تەمەن:
نیشانەکانی دامپ بەندە بە گرانی و سووکی گرفتەکە، بەڵام بەگشتی دابەش دەکرێت بە چوار قۆناغ:

1. لەتەمەنی ساوایدا بە (کەم خەوی، تەنگە نەفەسی، بێ ئارامی).
2. لە تەمەنی 2–4 ساڵیدا بە (بێ تەرکیزی، زووتوڕەبوون، ئارەزوی پتر لە ئاسایی سەرنجی گەورەکانی دەوروپشت بۆ لای خۆ ڕاکێشان).
3. لە تەمەنی 5–6 ساڵیدا بە (بێ ئارامی، ئارەزوی بێ ئەندازەی سەرپێچی کردن، چونە ناو شوێن یا کاری گران بێ گوێدانە سەرئەنجامەکەی).
4. تەمەنی قووتابخانە بە (سستی لە جمووجوڵدا، بێ ئارامی، گرفت لە فێربوون وخوێندنەوە و نوسین، کێشەی خۆگونجاندن لەگەڵ هاوتەمەنەکەیدا).

چارەسەر
هیچ چارەسەرێکی تر جگە لە ئاسانکاری وانە و چالاکیەکان بۆی نیە، لە قۆناغی بەر لە قووتابخانە پێویستە هەوڵبدرێت بە پێی توانا دوربخرێتەوە لەو بارودۆخەی کە تێدا کەمتوانایە یا پێی ئاڵۆز دەبێت، ئەمە مانای ئەوەنیە لە ژووردا زیندانی بکرێت و بواری چالاکیەکانی لێ زەوت بکرێت، بەڵکوو هەوڵبرێت بە پێی توانا یاریەکان لەگەڵ توانایی منداڵەکەدا بگونجێت و لەگەڵ گرووپی بچوکی منداڵانی تێگەیەنراو لە باری تایبەتی ئەمەوە تێکەڵ بکرێت. لە قۆناغی قووتابخانەشدا هەر دەبێت ئەمە ڕەچاو بکرێت و ڕێژەی تێگەیشتن و فێربوونی کاریگەرتر دەبێت ئەگەر لە پۆلی بچوکدا (ژمارەی کەم لە قووتابیان) دابنرێت.
زۆرکەس لایان وایە کە دامپ لەگەڵ گەورەبوونی منداڵدا وون دەبێت، ئەمە وانیە بەڵکوو ڕاستیەکەی ئەوەیە منداڵەکە ڕادێت چۆن لە گەڵ هەندێك لە گرفتەکانی هەڵسووکەوتی پێویست بەجێبهێنێ بە شێوەیەك کە قەرەبووی هەندێك لەبێتواناییەکانی بداتەوە. بەڵام هەندێك لە گرفتەکانی تری وەك کێشە لەگەڵ خوێندنەوە و نوسین وسستی لە سەرنج و هەندێك چالاکی هەروەك خۆی دەمێنێتەوە.

**5 ئایاری 2003**

## سەرچاوەکان


1. زانیاری لە بارەی دامپەوە بە سویدی/بەشی تەندروستی سوید /2000
2. سایتەکانی ئینتەرنێتی/

www.mimersbrunn.se
diagnos.www.rbu.se/damp/
www.netdoktor.se/sjukdomar/fakta/damp

# کەسایەتی تاك لەخێزانی نەریتی و مودێرندا



مەهاباد قەرەداغی

6ـ کەسایەتی منداڵ :

زانیاری دایك و باوك و کەسانی پەروەردەکار و فێرکار بۆ چۆنێتی رەفتار کردن لەگەڵ منداڵدا هەر لە رۆژی لە دایکبوونیەوە تا قۆناغی پێگەیشتن، پێویستییەکی بنچینەییە بۆ دروستبوونی ئەو جۆرە کەسایەتییەی کە بایەخی کۆمەلایەتی گرنگیان دەبێت بە هۆی ئەو خزمەتە مرۆڤایەتیانەی کە پێشکەش بە کۆمەڵگەی دەکەن. ئەو کەسانە لە ئامۆژگاری دایك و باوکان و پەروەردەکار و فێرکاری واوە پەروەردە بوون و گۆش کراون کە زانیاریەکی پەروەردەییان هەبووە و لە دەروون و پێویستیە رۆحیەکانی منداڵ تێگەیشتوون و دابینیان کردوون. خۆناسینی منداڵ لە رێگەی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەوە دەبێ کە لە دەوروبەرییەوەن، دایك و باوك لە بازنەی یەکەم و نزیکترینن بۆ منداڵ. ئەوان دەتوانن رێگای خۆناسین پیشانی منداڵ بدەن و لە رێگەی ئەو خۆناسینەوە منداڵ دڵنیاتر پەیوەندی بە دنیای دەرەوەی خۆیەوە دەکات. خۆناسین کارێکی هێندە ئاسان نییە، لە پرۆسەیەکی دوورودرێژی ژیاندا ولە هەموو قۆناغەکانی تەمەندا مرۆڤ بەردەوام دەبێت لە دۆزینەوەی هەست و نەستەکانی خۆی و ناسینی خۆی. خۆناسین هێند گرنگ وپڕ بایەخە،کاتێ کە لە فەیلەسوفی گریکی ئەریستۆتالیس دەپرسێ چ شتێ بۆ مرۆڤ قورسترینە، دەڵێ: کە خۆی بناسێ! بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە مرۆڤ بەدوای ئامرازەکانی خۆناسین نەکەوێ و هەوڵی بۆ نەدات. لەبەرئەوەی سەرەتای ئەم پرۆسەیەش لە منداڵییەوە دەستپێدەکات، تێگەیشتن لە هەست و نەستەکانی منداڵ ئەو رێگەیە بۆ پەروەردەکاران ئاسان دەکاتەوە. کەواتە با بزانین کەسایەتی چییە؟ بە پێی یونگ کەسایەتی لە سێ ئاست پێك دێت: هەست، نەست، هۆشی ناوەکی.

هەست: لە هەمو ئەو شتانە پێك دێ کە راستەوخۆ پەیوەندیمان پێیانەوە هەیە و زانیارییمان لەبارەیەوە هەیە. جگە لەوانەش چوار کارکردەی عەقڵیشی هەیە وەك، بیرکردنەوە، هەستکردن، دەرك و زەین. یونگ خۆی ئەم پێناسەیە دەداتە ئەم چوار کارکردەیە: "دەرك پێمان دەڵێ شتێك هەیە، بیرکردنەوە ئاگادارمان دەکاتەوە ئەو شتە چییە، هەست پێمان دەڵێ ئەو شتە چاکە یان خراپ، زەینیش زانیاری سەبارەت بەوشتە دەدات کە لەکوێوە هاتووە و چی لێبەسەر دێت". (2)

هەست، ئەو رەفتارە ئاساییانەیە کە راستەوخۆ پەیوەندی بە "من" هەیەو و ئەو رەفتارانەی‌کە لە "من"ەوە ئەنجام دەدرێ. بەڵام ئەو رەفتارانەی کە نائاساییین و لەگەڵ "من"دا وێکناکەونەوە، لەگەڵ سێبەری "من"دا، یان (منی باڵا) دا رووبەڕوودەبنەوە، لە نەستی مرۆڤدا جێدەگرن و دەچەپێن. هۆشی ناوەکی مرۆڤ لایەنی تاریکی کەسایەتییە، پەناگە و حەشارگەی نهێنییەکان و رووداوە ترسناك و نائاساییەکانی مرۆڤە.

وەك لە سەرەوەش ئاماژەم پێکرد، کەسایەتی بەهۆی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی منداڵەوە دروست دەبێت و شێوەدەگرێت. دەوروبەری منداڵ گرنگییەکی بڕیاردەری هەیە لەو پەیوەندیەدا. ئەم خاڵانەی خوارەوە کاردەکەنە سەر شێوەگرتنی کەسایەتی منداڵ:

1– نرخاندنی کەسانی گرنگ. (دایکان وباوکان) منداڵ بە دوای کەسایەتی خۆیدا دەگەڕێ، زۆر گرنگە لەو قۆناغەدا ببینێ ئەویتر چۆن لێی تێدەگا و دەینرخێنێ. ئەو منداڵە بە چاوی دایك وباوکی خۆی دەبینێ و ئەوان چۆن لێی گەیشتبن ئەو منداڵەش بەو جۆرە لە خۆی دەگات و بناغەی کەسایەتی دادەنرێت. کە دایك و باوك منداڵ، بە میهرەبان تێبگەن و پەسەنیکەن، ئەویش میهرەبان دەبێ، پێچەوانەی ئەمەش راستە.

2– کەسانی گرنگ (دایك و باوك) بە جۆرێ ئەو منداڵە دەنرخێنن کە لە خۆگەیشتنی ئەو منداڵە و هەست و تواناکانی دەچەپێنن. رەنگە منداڵێك بەهرەی هونەری تێدابێ و هەرگیز بۆ دایك و باوکی دەرینەبڕێ. ئەم بەهرەیە لەو منداڵەدا دەچەپێ. چەپاندن یان بە هۆی سزای دایك وباوکەوە دێ، یان بە هۆی نرخاندنی هەڵەی دایکوباوکەوە دێ بۆ کەسایەتی منداڵەکەیان.

3– خۆبنیاتنان بەهۆی دانوستانی کۆمەڵایەتییەوە گەشەدەکات. منداڵ لاسایی دایکوباوکی دەکاتەوە وهەندێ رەفتاری تایبەتی خۆیشی هەیە. جیابونەوەی " من"ی ئەو منداڵە لە دایك و باوکی،هۆیەکی گرنگە بۆ گەشەدان بە کەسایەتی.

4– پۆزەتیڤترین شێوەی بنیاتنان بە هۆی رەنگدانەوەی کۆمەڵایەتییەوەیە. کار و کاردانەوەکانی دایك و باوك یارمەتی منداڵ دەدەن بۆ خۆبنیاتنان. دایك و باوك

ناهێڵن کار و کردەوەکانی ئەوان ببنە هۆی رەفتاری منداڵەکەیان بەڵکو رێگەدەدەن ئەو منداڵە بەپێی تێگەیشتنەکانی خۆی جۆری رەفتاری خۆی دیاری بکات.

ئەم چوار خاڵەی سەرەوە بایەخێکی بنەڕەتییان هەیە لە دروستبوونی کەسایەتی منداڵدا (3)، وەك دەبینین رۆڵی دایك و باوك لە شێوەگرتنی کەسایەتی منداڵدا رۆڵێکی بایەخدار و گرنگی هەیە و ئەوانن یەکەمین پردی کۆمەڵایەتی لە نێوان ئەو و کۆمەڵگادا بنیاد دەنێن.

لە خاڵی دووەمدا باس لە چەپاندن دەکرێ و کاریگەری چەپاندنی هەست و بیری منداڵ و رەنگدانەوەی لە کەسایەتی پاشەڕۆژی ئەو منداڵە. چەپاندن خۆی تێرمێکی دەروونناسییە، زۆر لە دەروونناسان بە جیا سەبارەت بەم تێرمە روونکردنەوەیان هەبووە. فرۆید وەکو شیکارێکی دەروونی مرۆڤ لە سێ حاڵەتدا دەبینێ: یان مرۆڤێکی ئاساییە و نەچەپاوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی ئەو ئارەزووەی کە هەیبووە بە تەواوی هاتوەتەدی و تێربووە. یان مرۆڤێکی نیوەچەپاوە، هۆکاری ئەم جۆرە چەپاندنە، لێکدانی ئارەزوویەکە لەگەڵ ئارەزوویەکی تردا، کە جگە لە بەشێکی کەمی ناتوانرێ ئەو ئارەزووە بهێنرێتەدی، یان تێر بکرێ. حاڵەتی سێیەمیش چەپاوی تەواوە، کە ئەو سۆز و ئارەزووەی هەیەتی بە تەواوی چەپاوە و نەهاتوەتەدی و تێرنەبووە.(4)

پرۆسەی چەپاندنی منداڵ بەهۆی ئەو کارە نائاساییانەوە دەبێ کە لە ژیانی رۆژانەدا و لە رەفتاری کەسانی دەوروبەرییەوە لە پەیوەندیدا بە منداڵ دروست دەبێ. نەبوونی توانای خۆێندنەوەی هەست و سۆزەکانی، ئارەزووەکانی و دۆزینەوەی بەهرە و تواناکانی. پرۆسەکەش بەو شێوە دەستپێدەکات کە منداڵ مەیل و ئارەزووە تێرنەبووەکانی لە هۆشی ناوەکیدا حەشار دەدات و رووبەرووی هیچ سەبارەتیان دەرنابڕێ. هۆشی ناوەکی ئەو منداڵە دەبێتە کۆگای ئەو ئارەزووە بە نیوەچڵ تێربووانە، و ئەو ئارەزووە هەرگیز تێر نەبووانە و، لە تەمەنێکی درەنگتردا لە شێوەی رەفتاری نائاسایی خۆیان دەردەخەنەوە. پەروەردەی نەریتی زیاتر چەپێنەری کچانە، لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا لە تەمەنێکی درەنگتری ژیانیاندا ئەو ئارەزووە چەپاوانەیان لە شێوەی گرێی جۆربەجۆری دەروونی دەردەکەون، کە خەمۆکی ناسراوترین و باوترینیانە.

مامەڵە نەکردنی دایك و باوکان و پەروەردەکاران لەگەڵ منداڵدا لەسەر بناغەی جیاوازی رەگەز، منداڵ لە کۆمەڵی گرێ و ترسی دەروونی دوور دەخاتەوە کە لە میتودی پەروەردەی نەریتی خێزانی کۆندا شکڵی گرتووە. تێگەیشتن لە دەروونی منداڵ لە تەمەنی ساوایەتی و لە تەمەنی منداڵێتی و تەمەنی باخچەی ساوایان و قۆناغی هەرزەکاریدا ئەرکی دایك و باوك ئاسان دەکاتەوە و شێوەی رەفتاریان روون دەکاتەوە و دووچاری سەرسوڕمان و نیگەرانی نابن لە هەر رەفتارێکی منداڵەکەیاندا لە هەر قۆناغێکی تەمەندا ئەگەر رووبدات و کە هەر رووش دەدات.

کەسایەتی منداڵ لە بەرەنجامی ئەو هاوکێشەیەدا درووست دەبێت کە دایك و باوك لە تەمەنی ساوایەتی و منداڵێتیدا و، فێرکار و مامۆستا لە تەمەنی قوتابخانی سەرەتایی و ناوەندیدا و، کۆمەڵ لە قۆناغی هەرزەکاریدا بۆیان درووست کردووە. بێگومان لە تەمەنی خۆناسیندا، مرۆڤ بۆ خۆی دەتوانێ بڕیار بدات و شێوەی ژیان هەڵبژێرێ.خۆناسین کاتێ بە شێوەیەکی راست رووددات کە منداڵ بە شێوەیەك پەروەردەکرابێ "پشتبەخۆبەستوو" بێ.

تائێرە رۆڵی گرنگی دایك و باوك و مامۆستا و پەروەردەکار دەردەخا لە دروستبونی کەسایەتی پەسەند یان ناپەسەندی تاکە کەسدا، رۆڵی خێزان روون دەکاتەوە وەکو یەکەم ئامۆژگا کە لە منداڵ بەرهەمی چاك یان خراپ دروست دەکات و دەیداتە کۆمەڵگە، بۆیە دایك و باوك یەکەم بەرپرسیارن لە کەسایەتی ئەو نەوەیەی کە پەروەردەیان کردووە.

7- خێزانی نوێی کورد

لەسەرەتای ئەم باسەدا بەراوردێکی کۆمەڵگەی نەریتی و کۆمەڵگەی نوێم کرد و لە شێوەی پەیوەندییەکانی هەر دوو کۆمەڵگە دووام. کۆمەڵگەی کوردیش کۆمەڵگەیەکی تەواو نەریتییە، و هەموو ئەو باسانەی کە سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ئەو جۆرە کۆمەڵگەیە کراوە کۆمولگەی کوردیش دەگرێتەوە، جگە لە هەندێ تایبەتمەندی تری کۆمەڵگەی کورد کە پەیوەندییەکانی زیاتر سنوردار و شێواندووە.

ئەگەر سەرنجی وردی خێزانی کۆمەڵگەی کوردەواری بدەین، بەگشتی ئەو ژن و پیاوانەی کە خێزانیان بنیاد ناوە لەسەر بناغەی نەریتی کۆمەڵایەتی باو و سەپاو دەستیان بەو ژیانە پێکەوەییە کردووە،تەنانەت ئەگەر پەیوەندییەکی خۆشەویستییش لە نێوانیاندا هەبوبێ لە قاڵبی بەرتەسکی ئەو داب و نەریتە لای نەداوە. خۆشەویستی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا تا ئەمڕۆش بریتیە لە حەزکردنی کور وکچێك لە رواڵەتی یەکتری و دوو بە دوو لێك روانین و بۆیەکتر تامەزرۆ بوون. واتە ئەو دوو کەسە تەواو روخسار و ئەدگار و دیمەنی دەرەوەی یەکتریان پەسەندە بێ ئەوەی لە بەشە گرنگەکەی کەسایەتی و دەروونی یەکتری شتێك بزانن ویەکتر لە دەروونەوە

بناسن، ئەم دوو کەسە خۆشەویستی یەکترن و دەیانەوێ ژیانی هاوسەرێتی پێکەوە بەسەر بەرن، دێن هەر وەکو پێشینیانی خۆیان، وەکو دایك و باوك و باپیرە و نەنکیان چۆن زەماوندی کردووە و ژیاوە وا دەژین. کۆمەڵێك ژن لە کەس و کاری کوڕەکە دەچنە داخوازی بۆ ماڵی کچەکە، شانۆگەرییەکە دەست پێدەکاتەوە، ماڵی کچەکە جگە لە کچەکە خۆی هەموویان بەشداری ئەو کۆڕی مامەڵەکردنە دەکەن، چییان دەوێ و دەبێ بۆ کچەکەیان چی بکرێت، دوای ئەوەش پیاوان دەچن و (دەست ماچ دەکرێ)!، ئەم نەریتی دەست ماچ کردنە تا ئەمڕۆش پیادە دەکرێ.

بە هەر حاڵ ئەو دوو کەسەی کە رواڵەتی یەکتریان خۆش دەویست و هیچیان لەبارەی دەروون و کەسایەتی یەکتر نەدەزانی ژن و مێردن و لەژێر بنمیچی ژیانی هاوسەرێتیدا بەرقەرارن، رەنگە ئەم دوو کەسە پلەی بەرزی خوێندنیشیان تەواو کردبێ، بەڵام چونکە نەریتی کۆمەڵگە وایە کە خێزان دەبێ منداڵدار بن ئەم خێزانە مۆدێرنەش لاسایی پێشینیان دەکەنەوە و لە چەند مانگێکدا کە هێشتا لەگەڵ یەکیش تەواو رانەهاتوون بیر لە پەرەپێدانی خێزانەکەیان دەکەنەوە و منداڵ دروست دەکەن.

کە دەشبن بە دایك و باوك هەمان دایك و باوکی نەریتی و درێژە پێدەری نەوەی پێش خۆیان دەبن و لە رووی پەروەردەکردنی منداڵەوە پشت بە هەمان میتۆدی پەروەردەکردن دەبەستن کە خۆیانی پێ پەروەردە بوون، بۆیە گۆڕان روو نادات و ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە بە کاتێکی زۆر گۆڕانێکی کەمی بەسەردا دێ.

دایك و باوك لە کۆمەڵگەی کوردەواری و کۆمەڵگەکانی دەوروبەریشیدا تەنها بە مانای ئەوە لێك دراوەتەوە کە دەبێ پێویستیە جەستەییەکانی منداڵەکانیان دابین بکەن، نانیان بۆ پەیدا بکەن و جل و بەرگ و پێخەویان هەبێ (هەرچەندە ئەمەشیان تا ئێستا بە شێوەیەکی رێژەیی دابین کراوە نەك بە تەواوی، چونکە خێزانی فرەسەر توانای دابین کردنی ئەو پێویستییە جەستەییەشیان نیە بۆ منداڵەکانیان و خۆیان، کە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا منداڵزۆری باوە)، دایك و باوك بێ ئاگان لەوەی کە مرۆ کۆمەڵێك پێویستی دەروونی و رۆحی گرنگی هەیە و پێویستیان بە تێرکردن و دابین بوونە، هەست کردن بە ئاسایش، دڵنیا بوون لە سۆز و خۆشەویستی دایك و باوك، هەروەها راهێنانی منداڵ بۆ پشت بەخۆ بەستن و دروست کردنی کەسایەتییەکی بەهێز بۆی ، ئەرکە گرنگەکانی دایك و باوکن.

ئایا ئاساییە زۆربەی کوڕ و کچانی کورد، یان بڵێم ژن و پیاوانی کورد شەرمنن؟

ئایا ئاساییە کە زۆربەی خەڵکی کورد پشت بەخۆ بەستوونین و چاوەڕێی دەستی کەسانی ترن کارێکیان بۆ جێبەجێ بکات؟

ئایا سروشتییە کە ژن و پیاوانی کورد نەتوانن بە ئازادییەکی تەواوەوە رەفتار لەگەڵ یەکتردا بکەن و هەمیشە دیوارێکی ترس و شەرم و نەنگ لە نێوانیاندا هەبێ؟

ئەمانە و دەیان و بگرە سەدان ئایا و پرسیاری ترمان رووبەڕوودەبنەوە و دەبێ بۆ هەمووشیان بڵێین نەخێر! ئاسایی نیە و سروشتی نیە بەڵکە کردەوەی ئەو کەسانەن کە بە پەروەردەکردنی هەڵەمان هەڵساون و هەمان پەروەردەی سواو بۆ نەوەی نوێ بەکار دەبەن و وەك پێوەرێکی پیرۆز لەو میتۆدە کۆنە لانەدەن و کۆمەڵگەش لەم رووەوە وەستاوە و گۆڕان نابینێ.

ئەو فاکتەرانەی کە لە وەستان و نەگۆڕانی کۆمەڵگە نەریتییەکان و، لە ناو ئەوانەشدا کۆمەڵگەی ئێمە رۆڵیان هەیە ئەمانەن:

1- سیستمی ئایین

چونکە بەپێی کتێبی پیرۆزی ئایینەکان، پێشوەخت بڕیار بۆ پەیوەندیەکان و چارەنوسی مرۆڤ دراوە. کەواتە مرۆڤ خۆی بوونێکی پاسیڤە و کاریگەریی بۆسەر ژیانی خۆی نییە. خودا تەقلی ژیانی تاك دەبێ و بڕیاری بۆ دەدات. خودا یاسای بۆ چۆنێتی گرێدانی هاوسەر و ژیانی هاوسەر و جیابونەوەی هاوسەر داناوە. بە پێی هەندێ ئایین بەرگریکردنی دروستبونی منداڵ تاوانە.هەژاران منداڵی زۆر دروست دەکەن چونکە بژێوی منداڵ خوادەیدا. بە پێی ئایین دەبێ منداڵ لە تەمەنێکی دیاریکراودا ئەگەر نوێژی نەکرد، لێی بدرێ. ئایین ئامۆژگاری گوێڕایەڵی تیایە بۆ مرۆڤ و ئایین مرۆڤی گوێڕایەڵ و رەزامەند و سوپاسگوزاری پێ خاوەنباوەرە.

2- سیستمی ئابووری

نەبوونی بەرنامە بۆ چۆنێتی پەیداکردن و بەکارهێنان و دابەشکردنی داهات. نەبوونی ئەقڵی رێکخستنی داهاتی نەتەوەیی لە لایەن دەوڵەتە نەریتییەکانەوە و، داهاتی خێزان لە لایەن سەرۆکی خێزانەوە. هۆی ئەوەیە کە ئەگەرچی زۆر لەو دەوڵەتانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەڕووی باری ئابوورییەوە دەوڵەمەندن،بەڵام هەمان جۆری نەریتی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەدی دەکرێ و ئەو ئابوورییە رۆڵ نابینێ لە پرۆسەی پێشکەوتنی کۆمەڵگە. بە هەمان شێوەش لە خێزانی دەوڵەمەندا، پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستێکی دواکەوتوودایە و هەندێ جار دەگاتە رادەی زیادەڕەوّیی لە کۆنپارێزیدا. بێگومان فاکتەری تر هەن کە کاریگەربن بۆ هێشتنەوەی داب و نەریتی نەشازی کۆمەڵایەتی و، گیردانیان لە

خاڵێکی بێئەنجامدا، بەڵام ئەو فاکتەرانە لاوەکین و، فاکتەری ئایین و ئابووری بەم پەیوەندییەدا سەرەکیترین و کاریگەرترینە.

هەمووما ن ڕەخنەمان لەو جۆرە ڕەفتارانە هەیە کە دایك و باوکان لەگەڵماندا ئەنجامیانداوە و دەزانین هەڵەن، کەواتە بۆ ئەو هەڵانە دووبارە بکرێنەوە؟ بۆچی خێزانی نوێ و ئەم نەوەیە کە ئەمڕۆ دەیانەوێ ببنە دایکو باوك ڕوخێنەری ئەو سیستەمی پەروەردەییە نەبن کە نەوەکانی پێشووی پێ سەقەت کراوە؟

ئەگەر نەوەی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کورد نەوەیەکی یاخی و ڕەخنەگر بێت، دەکرێ بە پراکتیك ئەو ڕەخنە و یاخیبوونانە دەربڕێ و بە بیرازکردنی سیستەمی پەروەردەیی خێزان دەست بە گۆڕین بکات. هەڵبەتە ئەمە کارێکی ئاسان نیە و بنەمایەکی پتەوی ئابووری پێویستە پشتیوانی بێت، بەڵام مەحاڵیش نیە و تاکەکانی کۆمەڵگەیەك دەتوانن هەر یەك و لە ئاستی خۆیانەوە و لە خێزانی خۆیانەوە دەست پێ بکەن، بۆ ئەو مەبەستەش دەکرێ لەم خاڵانەوە دەست پێ بکرێت.

1- ڕەفتاری مرۆڤانەی ژن و پیاو لەگەڵ یەکتردا و دان نان بە ماف و خواست و ئارەزووی یەکتردا هەنگاوێکە بۆ مرۆڤایەتی بوونی پەیوەنیەکانی خێزانی و یاخی بوون لەو سیستەمە دوور لە ویژدانیەی کە لەسەر بناغەی چەوساندنەوەی یەکێك لە ئەندامانی سەرەکی خێزانێك بنیات دەنرێ کە ئەمەش لە سیستەمی پاتریارکیدا، ژن بووە کە چەوساوەتەوە.

2- دروست کردنی منداڵ لەکاتی گونجاودا، دایکو باوك گەر لە باری دەروونی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە ئامادەیی تەواوی دروستکردنی منداڵ نەبوون و بێ بیرکردنەوە و تەنها بۆ خۆشییەکی کاتیی خۆیان منداڵیان درووست کرد، تاوان دەر هەق بەو منداڵە دەکەن و کارێکی مرۆڤانە نیە کەسێك دروست بکرێت بێ ئەوەی بتوانرێ بە شێوەیەکی تەندروست پەروەردە بکرێت و لە ئاکامدا ببێتە کەسێکی نالەباری کۆمەڵ.

3- یاسای کۆمەڵایەتی شایستە و مرۆڤانە و لەگەڵ ڕۆحی سەردەمدا گونجێنراو، جێگەی هەموو ئەو ڕێسا ونەریتە ئایینیانە بگرێتەوە کە لەسەر ژیانی تاك و پەیوەندییەکانی و، پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان حوکم دەکەن.

4- سیستەمی پەروەردەیی قوتابخانەکانیش بگۆڕدرێ بە میتۆدێك کە لە ئەنجامیدا منداڵ هەستی پشت بە خۆ بەستنی زیاتر بێت، لێدان کە شێوازیکی هەڵەی پەروەردەکردنە لە ماڵ و قوتابخانەدا نەهێڵدرێ. (دەربارەی ئەم خاڵە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی و بەرفراوان پێویستە، کە لەبەرنامەمدایە بە ئەنجامی بگەیەنم).

کاتێك ئەم چوار خاڵە دەکرێتە بناغەیەك و کۆمەڵگە لەسەر ئەو بناغەیە سەقامگیر دەبێ، دەتوانین بەکاری پەروەردەکردنی نەوەیەك هەڵدەستین دەتوانین دڵنیابین لەوەی کە ئەو نەوەیە خاوەنی کەسایەتییەکی سەقامگیر و پشت بەخۆ بەستوون، ئەو نەوەیە دەتوانن لە گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵدا بەشداری بکەن و لە پەرەسەندنی بوارە زانستی و کۆمولایەتی و ئابووری و سیاسیەکاندا ڕۆڵیان هەبێ. پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە ئەگەر پێچەوانەی ئەو چوار خاڵە و چەندان خاڵی تر کە لاوەکین ڕەفتار لەگەڵ نەوەیەکدا بکرێت، درێژە بە پەیوەندییە سەقەت و نالەبارەکانی کۆمەڵگە دەدرێت و ئەو گۆڕانەی کە مەبەستە ڕووبدا هەرگیز ڕوونادا.

خێزانێك کە پەیوەندی نێوان دوو ڕەگەزە سەرەکیەکەی کە پایەی ئەو خێزانەن لە ئاستێکی ناشیاو و نالەباردا بێت، پەیرەوی پاراستنی مافی مرۆڤی تێدا نەکرێت، ئەمکارە کاردانەوەیەکی نالەباریشی دەبێت بۆسەر هەموو ئەو کەسانەی کە لەو ژینگەیەدا پەروەردە دەبن.

هەر بەهەمان ئەندازە، کاتێك کە خێزانێك ئامادەیی تەواویان لە باری تەندروستی یان ئابووری یان دەروونیەوە نیە بۆ ئەوەی ببن بە دایك و باوك، واتە شایستەی دایك و باوکایەتی نین و منداڵ دروست دەکەن، نەك هەر خزمەتی مرۆڤایەتییان نەکردووە بەڵکو مرۆڤایەتییان ئازار داوە، چونکە نەوەیەکیان بەرهەم هێناوە کە بارودۆخێکی گونجاو و هەل ومەرجی ژیانێکی لەباریان نیە و دەبن بە ئازارچێژی ئەو بارە ناهەموارە.

ئەگەر باس لە کۆمەڵگەی کورد بکەین، دەبینین ئەم نەتەوەیە جگە لە نائامادەیی لە ڕووی ئابووری و دەروونی و تەندروستیەوە، لە ڕووی سیاسیشەوە، لە ئەنجامی نالەباری جیوپۆلیتیکی خاکەکەیەوە و گەمارۆدانیەوە لە لایەن هەر هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە دەوریان داوە و ئەو دەوڵەتانەی کە پەیوەندییان هەیە لەگەڵ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی و ئەو دەوڵەتانەی کە بەرژەوەندیان هەیە لەگەڵ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی، واتە خاڵێکی سەرەکی و بنەڕەتیتر لەئارادایە

بۆ سەلماندنی نالەباری و نائامادەیی کورد بۆ دروستکردنی منداڵی زۆر .

ئەگەر لە کەسایەتی تاکەکانی کۆمەڵگەی کورد بکۆڵینەوە و هەر بە سادەیی بڕوانینە هەندێ ئاکار و رەفتاری یەکتریی لە ناو خۆماندا هەندێ لەو راستیانە روون دەبێتەوە و دەردەکەوێ کە ئێمە هەل و مەرجی دروستبوومان لە ئارادا نەبووە و بە بێ بیرکردنەوە و بڕیاردان و سازکردنی زەمینە بۆ پەرەسەندنی کەسایەتی و جێگیریی کەسایەتیمان هێنراوینەتە گۆڕەپانی ژیانێکی ئاڵۆز و، ئیدی هەر یەکە و بە رێکەوتێك لە کاروبار و ئارەزوویەکدا گیرساوەتەوە، یان بە رێکەوت کەسێکی باش و لەباری لێ دەرچووە یان کەسێکی نالەبار و زیانمەند. زۆر دیاردەی کۆمەڵایەتی هەن دەکرێ بکرێنە نموونەی ئەو بۆچوونەی‌سەرەوەو، کەسایەتی پشتبەخۆنەبەستووی، خۆنەناسیووی، هەستبەکەمیکردنی و گەلێ سیفەتی نێگێتیڤی تری مرۆڤی کورد شیبکرێنەوە. زەقترین نموونەی مێژوو و تائەمرۆ بەردەوامی ئێمە،سیفەتی پشتبەدوژمن و داگیرکەر بەستن،کە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەستبەکەمیکردنێکی هەمیشەیی کە زاڵە بەسەر کەسایەتی کورددا. شیکردنەوەی کەسایەتی کورد و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کورد، هەڵدەگرێ زیاتر لەسەری راوەستین، بەڵام ناشێ لەم باسەدا جێگەی هەموویان بکەینەوە، چونکە لە سەرەتادا بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە سێ پرسیارمان ئاڕاستە کرد و هەوڵماندا لە سنووری لێکۆڵینەوەکەدا وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە.

ئــەنجـام :

نهێنی هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە کۆمەڵگەی نوێدا روودەدات و، ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەو کۆمەڵگە نەریتیەدا هەیە، کەسایەتی و ناسنامەی تاکە. تاکی ئازاد، خۆناسیوو، باوەڕبەخۆ و خۆسەلمێنەر جەوهەری کۆمەڵگەیە و لە رێی ئەو ئافراندنانەیەوە کە ئازادی کەسایەتی بۆی دەسازێنێ، ناسنامەیەکی پرشنگدار بۆ کۆمەڵگەکەی دابین دەکات. تاکی خۆسەلمێنەری داهێنەرە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگە هەمیشە وەکو دەریا شەپۆل بدا و بەرەوپێشەوە بڕوا. تاکی خاوەن ناسنامە، جەوهەر و نهێنی هەموو گۆڕانکارییەکانە. ئەو کۆمەڵگەیەی تاکەکانی خاوەن کەسایەتی و ناسنامە نەبن، خۆیشی خاوەنی ناسنامەیەکی شایستە نیە.

خێزان، خانەیەکی گرنگی کۆمەڵایەتییە، لەوێدا دەتوانرێ پرۆسەی دروستکردنی کەسایەتی دەسپێبکرێ. خێزان دەتوانێ مرۆڤی ئازاش و هی ترسنۆکیش، مرۆڤی پشتبەخۆبەستوو و هی وابەستەش، مرۆڤی زانا و هی نەزانیش بەرهەمبهێنێ. خێزان بناغەی کەسایەتی تاك دادەنێ و، بناغەی پۆزەتیڤیش دەتوانێ تاك بکاتە ئەو داهێنەرەی کە کۆمەڵگە بگۆڕێ و بەرەو پێشەوە ببات.

نهێنی نەگۆڕان و چەقبەستنی پەیوەندییەکانی کۆمەڵگەی نەریتی و پێشکەوتنی کۆمەڵگە، توانەوەی تاکە لەناو کۆمەڵدا و خۆناسینی تاکە وەکو بوونێکی تایبەتی و داهێنەر و خاوەنی بەرپرسیارێتی. لاساییکردنەوەی هەندێ رواڵەتی ژیانی کۆمەڵگەی مۆدێرن، لە کۆمەڵگەی نەریتیدا، نەك نابێتە هۆی هیچ گۆڕانێکی ریشەیی، بەڵکو لە شێوەی سەرلێشێوان و زیاتر وابەستەیی و هەستبەکەمی زیاتر لە کەسایەتی مرۆڤی کۆمەڵگەی نەریتیدا رەنگ دەداتەوە. گۆڕانکاری ریشەیی دەبێ بەرهەمی عەقڵی خودی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیەبن، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ دەست بە پەروەردەکردنی تاك بدرێ و پرۆسەی خۆناسینی تاك دەس پێبکات.

سەبارەت بە کۆمەڵگەی کورد، ئاژاوەیەکی کۆمەڵایەتی هەمەلایەنە، لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکاندا و لە زۆر دیاردەی دژواردا نیشانەی مەرگی تاکن. لەکۆمەڵگەی ئێمەشدا بۆ رێکخستنەوەی پەیوەندییەکان و ئاساییبونەوەی کەسایەتی مرۆڤەکان، پێویستمان بە دەربازبوونە لە بازنەی هەستبەکەمی و وابەستەیی و پاسیڤبوون. بنیاتنانی کەسایەتی تاکی کورد، خێزانی کورد و کۆمەڵگەی کورد پێویستی بە سیستەمێکی نوێی پەروەردەیی و میتودی نوێ هەیە. هیچ شتێ مەحاڵ نیە، بویسترێ دەکرێ.

سەرچاوە و پەراوێز:

(1) بۆ ئەو ژمارە بڕوانە

Johan lccsc,Robin C Skynncr – Familjcn-1993-Aktictryckcrict i Tondhjcm.sid85

(2) بڕوانە ل 95 لە:

Rhus-1997: larsson Olc Schultz-Psykologiska perspektiv

(3) بڕوانە ل 43 و 44 لە :

Olofsson & Sjöström- Existens och sociala relationer-Studentlitteratur-Lund-1993.

(4) بڕوانە ل 12 لە :

دالبیر رولان –

# نامەی چارلی چاپلین بۆ كچەكەی

## من تێكۆشام تا مرۆڤبم!

### عەلی كیتابی لەفارسیەوە كردەیەتە كوردی

كچم ژراڵدین!

ئێرە شەوە .... شەوێكی نوێئێل. لە برج و باروەە چكۆلەكەمدا، گشت لەشكرە بێچەكەكان نوستوون، خوشك و براكانت هەتتا دایكت. بەزەحمەت توانیم بێ ئەوەی ئەو پەلەوەرە نوستووانە وەخەبەر بێنم، خۆم بگەیەنمە ئەم هۆدە چكۆلە نیوە تاریكە، ئەم هۆدەیەی چاوەڕوانی مەرگ. من لە تۆ فرە دوورم فرە .... بەلاَم چاوەكانم كوێربن گەر تەنیا تاوێك دیمەنی تۆ لە كاسەی چاوەكانم دوور كەونەوە. وێنەی تۆ لەوێدا، لەسەر مێزەكەمە،دیمەنی تۆ لێرەدا، لەسەر پەڕەی دڵمدایە . بەلاَم تۆ لە كوێی؟ لەوێ لە پاریسی سێحرباز، لە سەر تەختەی شانۆی شكۆداری تماشاخانەی " شانزەلیزە" سەما دەكەی، هەست بە خشپەی پێت دەكەم، هەر دەڵێی لە بێدەنگی شەوانە لە گوێمدا دەنگدەداتەوە، لەم شەوەزەنگی زستانەدا ئەستێرەكانی چاوەكانت دەبینم، بیستوومە نەخشی تۆ لەو شانۆیە پڕ نوور و شكۆیەدا، نەخشی شازادەی بەدیل براوی ئێرانی ئەسیری دەستی خانی تاتارە. كچم شاژن بە و سەما بكە، ئەستێرە بە و بدرەوشێوە، بەلاَم ئەگەر قاقای پێكەنین و ستایشی تماشاچیان و عەتری مەستیهێنەری ئەو چەپكە گوڵانەی بۆیان ناردوویت، مەجالی وشیاری بۆ هێشتی، لە كونجێكدا دانیشە نامەكەم وەخوێنە و گوێ بۆ دەنگم ڕاگرە، من باوكتم ژراڵدین! ئەوسا كە منداڵ بووی لە ژوور سەرتدا دادەنیشتم چیرۆكم بۆ دەگوتی:چیرۆكی لاوی نوستووی ناو لێرەوار، چیرۆكی حەزیای بێداری بیابان، كە خەو لە چاوانی پیرم نزیك دەبوو، سەرزەنشم دەكرد، دەمدایە بەر تانە و توانج دەم گوت: " لاچۆ بڕۆ توخنم مەكەوە، من لە قوولاَیی خەیاڵی كچی خۆما خەوتووم" خەونم دەدیت، لەسەر تەختی شانۆدا فریشتەیەكم بینی، بە سەماوە سەمای دەكرد، بە گوێم دەمبیست،تماشاچیان بە یەكتریان ئاوا دەگوت: ئەو كچە دەبینن؟ ئەوە كچی كابرا پیرەی قەڵخەكۆنە، كام قەڵخە كۆن، چاڕلی ! " بەڵێ من چارلی باوكی تۆم، پیرم هەر وەك كەوڵە كۆنم. ئیتر ئێستا نۆرەی تۆیە تا دەتوانی سەما بكە! من بە پاتۆڵی فش و فۆڵی، پینەكراو، بڕێك دڕاو سەمام دەكرد.تۆ لە كراسی ئاورێشمی شازاداندا سەما دەكەی. بە ئاهەنگی هوڕا و چەپڵە تماشاچیان هەڵت دەنێن بۆ سەماوات، بۆ كەهكەشان! بڕۆ بۆ وێ! بۆ ویش بڕۆ! بەلاَم جارێ بۆ سەر زەوین واول كەرۆ، ژینی خەڵكی تماشاكە:ژینی سەماكەرانی گەڕۆكی پێخاوسی، ناو كوچە و كۆلاَنی تاریك، تماشاكە: بە بێنەوایی،برسی و پێخاوس و لاقی لەرزۆك هەڵدەپەڕن. چاك تێفكرە، ئەمنی بابت لەوانە بووم!لە شەوانی ئەفسانەیی منداڵیتدا، بە قسەی خۆش و لایلایە دەمكردیە خەو،بەلاَم خۆمی خەو لێزڕاو تابەیانی تێم دەڕوانیت،گشت لێدانی دڵتم دەژمارد، بەخۆم دەگوت: ئەرێ چارلی! ئایا ئائەم بێچوەپشیلە چاو پشكووتووە، بشێ دوارۆژ تۆ بناسێ؟"

ئازیزەكەم تۆ نامناسی! شەوانی دووری رابووردوو، زۆر چیرۆكم بە گوێتدا گوت: بەلاَم چیرۆكی ژینی خۆم،قەت پێت نەگوت. چیرۆكی منیش، شایانی بیستنە،چیرۆكی ئەم قەڵخەكۆنە، بە برسیەتی لە پەست ترین كوچە و كۆلاَنی لەندەندا، گۆرانی دەگوت، هەڵدەپەڕی، پارەی سەدەقەی وەردەگرت.



ئەمە چیرۆكی كۆنی منە.چێژی نەبوونی و برسێتیم زۆر چەشتووە.ویڕای ئەمانە، من دەردی نەداری و هەژاری، ئەو شرپۆشە گەڕۆكانەیشم چێشتوە. لە كاتێكدا بە دەسپانكردنەوە بۆ تاقە تمەنێكی سەدەقەی ڕاگوزەرێك،شەپۆلی بەحری دڵی پڕ شەهامەتیان دەنیشتەوە: هەستم دەكرد. سەرەڕای ئەمانە ئەمن زیندووم، لەو مردوانەی بەر لەمردن نابێ لێیان بدوێن! چیرۆكی من بۆ تۆ كەڵكی نیە، با لەبارەی تۆوە بدوێین! ناوی من پاشكۆی ناوی تۆیە: چاپلین! بەم ناوەوە ماوەی 40 ساڵ خەڵكی دنیام هێنا كەنین، زۆرتر لەوەی ئەوان كەنین بۆ خۆم گریام ژراڵدین، ئەو دنیایەی تۆی تیا دەژیت، تەنیا دنیای موسیقا و سەما نیە.

كاتێك لە نیوە شەودا لە هۆڵی پڕشكۆی تماشاخانە دێیە دەرێ، گشت ئەو دەوڵەمەندانەی ستایشت دەكەن، فەرامۆشكە، بەلاَم سۆراخی ژیانی ماڵ و منداڵی ئەو شۆفێرە تاكسیە بگرە كە بۆ ماڵت دەباتەوە، جۆیای حاڵی ژنەكەی بە.... گەر ئاوسە و پارەی كڕینی لانكە و پۆشاكی كۆرپەكەی نییە، زۆر بە نهێنی وەك مرۆڤێكی بێ ئەندێش چەك راكێشە، بیخزێنە ناو گیرفانی مێردەكەیەوە، دڵنیا بە، من بە نوێنەری خۆم لە بانكی پاریسم راگەیاندوە، تەنیا و تەنیا، ئەم جۆرە خەرجانەت جێگای ڕەزامەندی منن ـــ ئەمما بۆ باقی خەرجەكانی دیكەت پێویستە لیستەی حەسابت بنێری. كچم جارجار بە ئوتوبوس و بە مێترۆ بەشاردا بگەڕێ، ژیانی دانیشتوانی شار تەماشاكە، بێوەژنان، منداڵانی بێباوك و هەتیو تەماشاكە، لانی كەم ڕۆژێ جارێك بەخۆت بڵێ:"منیش یەكێكم لەوانە!

کچم تۆیش یەکێ لەوانەی! نەزیاد نەکەم! ئەوەش بزانە، هونەر بەر لەوەی دووباڵ بۆ فڕین بە مرۆڤـــ بدات، ئەغڵەب لاقەکانی دەشکێنێ.هەرکات لە چرکەیەکدا هەستت کرد کە تۆ لە تەماشاچیانی هونەرەکەت بە نرختر و بەڕێزتری، لەو لەحزەدا تەختی شانۆ بەجێ بێڵە، بە یەکەمین تاکسی خۆت بگەیەنە"حوومەی پاریس" من ئەو شوێنە باش شارەزام. زۆر لە مێژە ئەو جێگایە بێشکەی بەهارانی کاولیانە، لەوێدایە سەماکەرانی هاو سەنگ و نرخی خۆت دەبینی، جوانتر لە تۆ، چاکتر لە تۆ،چالاك و سەرکێشتر لەتۆ، سەما دەکەن، لەوێ نوورهاوێژی چاوکوێرکەر، وەك تەماشاخانەی شانزەلیزە هەرگیزاوهەرگیز نەبینراوە. نوورهاوێژی تماشاخانەی کاولیەکان مانگەشەوە و سەر پەنایان میچی ئاسمان! ورد بنوارە و باش تێفکرە، ئایا لەتۆ جوانتر و لە تۆ باشتر سەما ناکەن؟ بە خۆت بسەلمێنە کە هەمیشە کەسانێك هەن لەتۆ باشتر سەما بکەن و شمشاڵ لێدەن. ئەوەیش بزانە،تاکو ئێستا، لە بنەماڵەی چارلیدا، کەس هێند چارداوەڕو نەبووە،بە چاوی سووك بنواڕێتە گاریەچی یان سواڵکەرانی برسی و پێخواس و داماوی گوێی چۆمی سن. ئەمن دەمرم تۆ دەمێنی، هیوادارم هیچ کات هەژارو دەس کورت نەبی. لە دوو تۆیی ئەم نامەدا، چەکێکی سپیت بۆ دەنێرم، بە کەیفی خۆت رەقەم لێدە و پارە وەرگرە، بەڵام هەرکات تاقە دوو تمەن خەرج دەکەی، بەخۆت بڵێ:" تمەنی سێهەم هی من نییە، بێشك هی کەسێکی داماو و بێ ناونیشانە، کە هەر ئێستا بۆ پەناباتێك چاوەڕوانە." پێویست بە پشکنین ناکات، داماوە بێناونیشانەکان یەکجار زۆرن، لە گشت لا هەن. ئەوەش بزانە با پێت بڵێم گەر لە پووڵ و پارە دەدوێم، من لە فێڵ و تەڵەکەی مندالە شەیتانەکان، ئاگادارم، من عومرێکم لەگەڵ"سیرك" و بەنبازاندا بردوەتەسەر، کاتێك دەمدی بەنبازەکان بە حەواوە بە سەر بەنێکی باریکدا دێن و دەچن، نیگەران بووم. بەڵام با ئەو راستییەشت پێ بڵێم کچم: خەڵکی لەسەر زەوینی پان و بەریندا، زۆرتر لە بەنبازانی سەر بەنی باریك و بەرز، دەکەونە خوار و ملیان دەشکێ. رەنگە شەوێك شەوقی گرانبەهاترین گەوهەری ئەم دنیایە فریوت دات. ئەو شەوە و ئەو گەوهەرە دەبێتە پەتی پورتوکاوی ژێر پێ و ژیانت، بێشك دەکەویە خوارەوە. رەنگە رۆژێ رواڵەتی جوانی شازادەیەك فریوت دات. ئەو رۆژە تۆ تەناف بازێکی ناشیت. بەنبازی ناشیش زۆر زوو دەکەوێتە خوارێ. دڵت بە زێڕ و زێو مەدە، چونکە بە نرختریە و پڕنوورترین ئەڵماسی دنیا تیشکی رۆژە، بەخۆشیەوە، ڕۆژیش لە ملی گش کەسێکدا دەدرەوشێتەوە. ئەمما ئەگەر رۆژێ دڵت دایە تیشکی هەتاوی سەر و سیمای پیاوێك، لەگەڵیا یەکدڵ بە. بە دایکتم وتووە لەم بارەوە بەنامە لەگەڵت بدوێ. چونکە دەزانم ئەو لە من باشتر خۆشەویستی ناسیوە، ئەو لەمن باشتر مامۆستای پەیوەندی دڵانە. من دەزانم کاری تۆ یەکجار گرینگ و گرانە، جەستەت لەسەر تەختی شانۆ، جگە لە چەپاڵێك حەریر، هیچێ لەشت داناپۆشێ، دەکرێ بە هۆی فەن و هونەر، هەمیشە بە رووت و قەتی بچیتە سەر تەختی شانۆ، بە داپۆشراوی ساغ و سەلیم بێیتەخوارێ. بەڵام هیچ کەسێکی دیکە شایانی ئەوە نییە، کە کچێك بۆ خاتری ئەو، نینۆکی پێی رووت کات. رووت و قوتی نەخۆشی چاخی ئێمەیە. من زۆر پیرم رەنگە وتەکانم پێکەنین هێنەر بن. بەڵام بەبڕوام، لەشی رووت و قوتی تۆ، دەبێ هی کەسێك بێ، کە تۆ رۆحی رووت و قووتی ئەوت دەوێ.

رۆڵەم ژڕاڵدین! تەنیا و جارجار خۆت لە ئاوێنەدا ببینە. دڵنیابە لەوێدایە من دەبینی. خوێنی من لە ناو دەمارەکانی تۆدایە. هیوادارم تا ئەو کاتەی خوێن لە ناو دەمارەکانی لەشمدا وشکدەبێت، چارلی، باوکت لەبیر نەکەی. من فریشتەنەبووم بەڵام بە هەموو تین و توانم تێکۆشاوم تا مرۆڤـ بم.تۆیش تێکۆشە. چاوەکانت ماچ دەکەم

سویس ساڵی 1964

## منداڵ

منداڵ که سەرکۆنەیبکرێت، فێری قسەی ڕەق دەبێت.
منداڵ که لێی بدرێت، فێری شەڕ دەبێت.
منداڵ که فێڵی لێ بکرێت، فێری ساختە دەبێت.
منداڵ که سووك سەرنجی بدرێت، شەرمن دەر دەچێت.
منداڵ که گاڵتەی پیبکرێت، ناخی ئازاری پێدەگات.
منداڵ که بە نەرمی هەڵسووکەوتی لەگەڵ بکرێت،
فێری ئارامگرتن دەبێت.
منداڵ که دۆستانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت،
فێری دلۆڤانی دەبێت.
منداڵ که ستایش بکرێت، فێری ڕێز گرتن دەبێت.
منداڵ که هان بدرێت. بڕوا بەخۆی پەیدا دەکات.
منداڵ که بە دڵنیایی بژی، متمانەی بە خۆی دەبێت.
منداڵ که هەستی کرد خۆششیان دەوێ،
هەموو دنیای خۆش دەوێت.

(Bris_Barnens rött samhälle)

ئەم ئەدەبیاتەی" بریس" نووسەری بە ناوبانگ و مەزنی سوێدییە وەك تابلۆیەکی پیرۆز لە زۆربەی قوتابخانەکانی سوێد دا هەڵواسراوە .

حەمەسەعید حەسەن وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی

## نیشتیمانی نێوان دوو زێ!

**مەهاباد قەرەداغی**

(تێبینی: ئەم هۆنراوەیە بە زمانی سویدی نووسراوە و لە رادوێیەکی سەرانسەری سویددا بە ناوی ڕادیۆی پێ ئێت P1، خوێندراوەتەوە. لەگەرمەی شەڕی ئەمەریکا بۆ سەر عیراقدا نووسەرێکی سوێدی تەلەفۆنی بۆ کردم و داوای لێکردم دوور لە هەموو دنیاییکی سیاسی و سەربازی کە ڕۆژانە لەسەر شەڕ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە دەکرێ، لە بەرنامەیەکی کلتووریدا بە پەخشانێك هەستی خۆم بەرامبەر ئەو شەڕە دەربڕم، ئەم پەخشانە شیعرەم ڕاستەوخۆ بە سوێدی نووسی. دواجار پێم باش بوو بیکەم بەکوردی و بەکوردیش بڵاوی بکەمەوە. بەڵام بەم تێبینییەوە، بۆ ئەوەی خوێنەری کورد بزانێ ئەم هۆنراوەیە ئاراستەی سوێدییەکان کراوە، کە بەسەرهاتی ئێمەومانان بۆ ئەوان وەك ئەفسانە وایە و ئاسان نییە وێنای بکەن ، ئاخر ئەوان دووسەد ساڵە شەڕیان نەدیووە و بڕواش ناکەم هەرگیز شەڕ ببینن).

کارەساتە.. لەوێ لەدایکبوون
لەوێ.. دژەهەناسەکان، با.. دەسووتێنن!
لەوێ ..سەربازەکانی زریان.. با .. دەخنکێنن!

پێت سەیر نەبێ هاوڕێم
کە دەڵێم..
من لە دۆزەخ لە دایکبووم
لە تابووتێکی قەترانی گەشەم کرد و.. وا گەورە بووم
دڕندەکان..
ئەوێ ..
وڵاتی نێوان دوو زێیان کرد بە دۆزەخی ڕاستی
کوردستانەکەی منیشیان کرد بە تابووتی قەترانی
پێت سەیر نەبێ.. هێژا.. هاوڕێم!
ئەگەر دەڵێم.. ئاخ ! بیری نیشتمان دەکەم
بەڵێ.. بیری دۆزەخ دەکەم!!
لەوێ.. لە دۆزەخدا.. خۆشەویستێکم جێماوە
لەوێ .. هاوڕێ شەهیدەکەم چاوەڕێمە
لەوێ.. لە ژێر سێبەری دارێکی دۆزەخ.. منداڵی خۆمم لێ ون بوو
لەوێ .. دایکمم بە بێ ماڵ ئاوایی جێ هێشت
ئێستا..
هەموو ساتێ.. وەکو زامێکی ژیلەمۆیی ،
لە دەرەوەی تابووتەکەم.. دەکزێمەوە!!!
لەوێیە..
لەو دوورەیە دۆزەخ!
لەوێ.. لە پشتی پەنجەرە داخراوەکانی هەتاوە.. دۆزەخ!
دەکەوێتە نێوان دوو زێ
دیجلە و فورات
دیجلە..
کە ڕۆژێ لە ڕۆژان دایکێکی میهرەبان بوو بۆ شۆخی باران
ئێستا سواڵی تنۆکێ ئاوی لێڵ دەکات لە ئاسمان!
فورات..
نیشتیمانی ئەوسای کۆترەکان
ئیستا شڵپەی دێ لە بەر نەزیفی خوێنی دڵی ئاشتی!

ئەرێ چی ڕوویدا؟!
بنۆڕە هاوڕێ.. ساتێ گوێبگرە لێم
تا لە ساتەکانی بیرەوەری منداڵێ.. سەرگوزەشتەیەکت بۆ بڵێم
هەبوو، نەبوو
لە وڵاتی داستانەکان
کەنیشکە چاوڕەشێ.. لەباتی بووکەشووشە
وازی بە واژە و ئایەتەکانی جوانی دەکرد
خەونی بە ڕووناکی و بەختیاری ونبووەوە دەبینی!
بیری ڕاستییەکی دەکرد کە لە تارماییدا مات درابوو!
بیری ئازادی دەکرد، سترانی بۆ دەچڕی
سەمای لەگەڵ پەپوولەباڵسووتاوەکانی دۆزەخدادەکرد!
هاتن!!!
بردیان!!!
لە ناو دڵی ڕووناکییەوە.. بۆ ناو جەرگەی تاریکستان!
بۆ جێیەك.. لە هیچ جێیەکی تر نەدەچوو!
لە کاتێکدا .. لە هی چ کاتێکی تر نەدەچوو!
ئەوی پێی دەگوترا زیندان!
دۆزەخ بوو، دۆزەخ بوو، دۆزەخ!!!
لەوێ.. تەنها کورسی بزمارین هەبوو بۆ دانیشتن و..
چرپای ئاگر.. بۆ خەوتن و..
لەوێ.. جەستەی ئەو کەنیشکە جەستە نەبوو ..
هێندە جگەرەی داگیرساویان لەسەر خامۆش کرد!
لەوێ نە جەستە جەستە بوو.. نە گیانیش گیان!
هاوڕێم!

ئەمەی بیستت داستانێکی هەزار و یەك شەوە نەبوو
ئەو كەنیشكەش، كچی داستانەكان نەبوو،
تۆ گوێت لە ڕاستییەكی لەئەفسانەچوو دەگرت،
كە بەشێكە لە منداڵیم!!!
ئەو كەنیشكە من بووم.. بەڵێ من
یەكێك لە هەزاران منداڵی كوردستان
كە لە وڵاتی كارەسات لەدایكبووین!
بەڵام..هێشتاش.. ڕەنگە..
من بەختەوەرترینی ناو هەموویان بم!
بەختەوەرتر لەو كەنیشكانەی لە بیابانێكی چۆڵدا
بە زیندویی لە چاڵ نران!
بەختەوەرتر لەو مێردمنداڵانەی لەبەر دیدەی دایكیاندا
پۆلی داڵ لاشەكەی خواردن!
بەختەوەرتر لەو پێنج هەزار گوڵەباخەی بای ژەهر هەڵی وەراندن!
بەختەوەرتر لە هەموو، هەموو ئەوانەی
لە نێوان دوو زێدا.. لە تینواندا خنكان
لەوانەی لە ئاگردانی گەرماوی خوێنی جەنگەكاندا سووتاون!
هاوڕێم ..مەتۆقێ..
ئێمە هەموو جۆرێكی تۆقینمان دیووە
نەك تەنها لەم چەند ڕۆژە داگیرساوەدا
ئێمە لەناو ئاتەشگەدا لەدایك بووین..
لە ڕۆژهەڵات.. لەسەر زەمینی هەمیشە لە پلەی كوڵانی سەددی
كە هەمیشە.. ئاگر دەگرێتە ئامێزی!
هاوڕێم.. هێور بەوە..
دەزانم باوەڕت نایە..
دەزانم ئەم ڕاستییە بە تۆ نامۆیە،
پێت سەیرە كەسانێ هەبن لە دۆزەخدا لە دایك بن..
پێت سەیرە كەسانێ هەبن هێندە دۆزەخیان خۆش بوێ..
پێت سەیرە و..
ئاخر كارەساتە وڵاتێ شێوەكەی لە تابووت بچێ!
بەڵام .. هاوڕێ
خاتر جەم بە.. سەرەڕای هەموو ئەمانەش
ڕاستی موژدەیەكی پێیە..
تەنانەت لە ناو تابووتیش..
ڕۆژێ لە ڕۆژان..
خۆر هەڵدێ!!!...

2003/04/15 ستوكهۆڵم

## نامەی دایكێكی زندانی

ئاسۆ ڕەشید بیارەیی



بەریزان !

لەم نامەیەدا دوو بیرەوەریتان بۆ دەنوسم .

1- ئەو رۆژەی كە بۆ دواجار برا پێشمەرگەكان لەدوای زنجیرەشەرێكی ئازایانە لەگوندی (قلیجان)ی گەرمیان كشانەوە ئێمە هەستمان بەچارەنووسی نادیاری خۆمانمانكرد..ئەنجام واشبوو.سەر لەبەیانی رۆژی دوایی سوپای ئەنفالهێنەر ناوچەكەی بۆردومانكرد و گوندەكەی لەدووكەڵدا وونكرد.ئێمە كەچەند خێزانێك ئەبووین لە كەندڕەكەی خوار ئاوایی خۆمان حەشاردابوو. لەسیمای یەكتر زۆرشتمان دەخوێندەوە و دەمان ووت :بریا خوا مەرگی ئێمەشی زووتر بسەندایە ..با لە ناوچەی داویَ هەمووومان بكوژراینایە!.چەند منداڵێ كە فریایی ئەوە نەكەووتبوون كە دایك وبابیان حەشاریانبدەن كەوتنە بەر گوللەی كۆپتەرەكان و كوژران .بەڵێ چۆنی دەگێرمەوە وایە..كاتێ سوپای دڵپرلەقینی كڵاوسەوزان هاتنە ناو گوندەكەمانەوە ,وێنەی گورگی هار منداڵەكانیان وەك گونیەخۆڵ فرێدەدایە ناو ئیڤاكانەوە..ئەو كەسەش كە سەرپێچیدەكرد دەكوژرا.جاشە خۆفرۆشەكانیش لەوان خراپتر..یەكێكیان هاواریدەكرد سەیدی وازم لێبهێنن باهەقی براكەم بسێنم كە لە قەرەداغ بەدەستی (پێشمەشكە)كوژرا.

دەست بەجێ ژن و پیاویان جیاكردەوە و لە زیلی عەسكەری قایمیانكردین.پاش چەندرۆژێ خۆمان لەنوگرەسەلمان دیتەوە.

2-چەند رۆژێ لە مەوبەر(كوردۆ)یكوڕم لەباوەشبوو و خەریكبووم سەریم پاكدەكردەوە, دایكانی تریش هەروەها بە منداڵەكانی خۆیانەوە خەریكبوون..لەپرقیژەی ژن و منداڵمان لەدەرەوەی زیندانەكەوە كەوتە بەرگوێ.بێدەنگی رۆژی حەشر باڵی كێشا بەسەر هەموومان‌دا.گۆیی خۆمم شلكرد بەڵام تێنەگەیشتم,دیاربوو دانیشتووی بادینانبوون.دەنگێكی تریش لەناودەگەكاندا رایچڵەكاندم و هاواری ژنێك بوو : كورەكەم مەدەن بەسەگ هێشتا نەمردوە! پاسەوانەكانی زیندانەكە ئەوەی نەخۆشبوایە ئەیانكردە خۆراكی سەگەكان كەلەودیوی تەلەدركاویەكەوە چاوەرێی لاشەیاندەكرد.

روداوەكە هێندە كاریگەربوو كاریكردە سەرهەمووومان.و ویستم بگریم بەڵام دەمێكبووسەرچاوەی گریانم ووشكیكردبوو ,تەنها شەختەی خەمەكانمی ئەستورتردەكرد.

بەرێزان!

ئەگەر ئازاری زیندانەكەمتان بۆ باسبكەم لەوانەیە بەرگەی خەمی یەك ساتی دژواری ئەنفال نەگرن. بەڵام دڵنیاتاندەكەم كەسەرەرای مەرگی لەبەرچاو, ئاسۆی هیوامان چاوی لەهەڵمەتی شێرانەی ئێوەیە.لەوكاتەدا كەگوێمان لەتەپەی پێی پاسەوانەكانە ,فرمێسكەكانمان دەسرین و ئازارەكانمان دەشارینەوە.برواامان بەوەیە كە رۆژێدێت كە بگەرێنەوە بۆ خاكی خۆمان.

تكام وایە ئێوەش ئێمە لەبیرنەكەن..دایك و خوشك و كۆرپەكانتان لەم بیابانە بێفەرەدا دیلی داگیركەرن.

---

1- ئەم نامەیە لە گۆڤاری پێشەنگ ژمارە18ساڵی1989لەژێرناوی (دایكی كوردۆ)دا بڵاوكراوەتەوە.

پێشمەشكە:كوردفرۆشەكانی لای سەدام پێشمەرگەیان واناودەبرد.

ناوەرۆكی ئەم نامەیە لە نامەی دایكێكی ناو زیندانی نوگرە سەلمان وەرگیراوە كە لەسەر پارچەپەرۆێك بۆ خزمەكانی ساڵی 1988 ناردبوو.

# مۆم



**نوسینی بەختیار پێنجویچنی**

چ ساڵێك بوو بینیم مۆمێك!
فرمێسكی دەرشت بەدامێنیا
قەترە قەترە!
ئەشك و سۆزی دەوەران،
بەهۆی بەناهەق بە مێردانی شۆخە كیژێ
چ ساڵێك بوو بینیم مۆمێك!
زۆر بەكوڵ ئەشكی دەوەران،
لەسەر گڵكۆیەك
بۆ كۆچی دوایی كرێكارێ!
بەلام لە هەمان ساڵدا بوو بینیم!
چەن دەستە مۆمێك
ئاڵو واڵا،
سوور
شین
سپی
لە پەلكە زێڕینەی خوای جوان ترا!
لە یادی لە دایك بوونی
كچە سەرەك كۆمارێكدا
هەڵكرابوون،
یان جارێكیان
لە تەكیەی بابەشێخێكدا
بۆبەركولی دەروێشانی
تەكیەكەی دانرابوون،
زۆر بەداخم
بۆ بەژنی
مۆمی نازدار!
بەهەر ناوێك
ژیانی ڕوو لە خەزانە
چ بۆ كچی هەژار و
مردنی كرێكار،
یان لەتەكیەی بابەشێخ و،
وە یان كچی سەرۆك كۆمار.
Frbrvare´-2003

## خۆزگەم بۆ منداڵانی كوردستان

خۆزگە ڕۆژێك
بهاتایە!
هەموو ڕەنجەكانم
لەیادی لە دایكبوونی
یەك بەیەكتان
وەك مۆمێك هەڵ بكردایە!
خۆزگە ڕۆژێك
بهاتایە!
بە هێزی بازووی ئێمە؟
ئێوە دەستی ماندوتان
لەسەر زكی تێر بنایە
نەك ئاوەها
بەو منالیە
لەكوچە و كۆلانی شارەكاندا !
هیزی كارتان
بەتالان بفرۆشتایە !
خۆزگە ڕۆژێك،
بهاتایە!
دەنگەكانمان گشتی،
یەكدەنگ بوایە!
دەستی یەكمان بگرتایە
باچی تر
براكوژی و تۆڵەی نەگریس،
لە میللەتماندا نەبووایە!
یان وەك سیاسیانی كورد
ئێوەیان بۆ بەرگری شەڕ دابنایە!
خۆزگە ژیانتان ژان نەبووایە!
ڕۆگەی دوازدەساڵ ئازادیتان،
بەزۆر بەرەو بەغدا پێ نەكرایە!
خۆزگە دەستانم بدیایە!
پڕ لە كۆتری سپی
ئاشتی بووایە!
نەوەك سەرتانم
بە بێری داڵ
بۆجارێكیتر بدیایە!
خۆزگە هەمو كات
وابووایە!
بەسرودی نیشتمانی و . . . . . . !
گوێبیستی بەیانیانی
قوتابخانەكان بومایە!
نەوەك مێشكیان
بێكەڵك وەك جاران
بەمێژووی
نەوەی عۆجە
بخنرایە!
(2003 دوازدە ساڵ پاش ڕاپەڕینی جەماوەری باشووری كوردستان)
سوێد بەختیار پێنجوێنی

## دایە بابە بەهارە

نووسینی سارا سوڵتانی



دایە بابە مزگێنی
بولبول سەرمەستە
لەسەر چڵی گوڵان
دەچریکێنی
بۆهاتنی بەهار
لەشاخان قاسپەی کەو دێ
لەباخان قاقای پێکەنینی
منداڵان دێ،
پۆلپۆل پەپوولەی باڵ نەخشین
نیشتون لەسەر پەڕی گوڵان
وورد وورد و جوان جوان
دایە بابە دڵخۆشی منیش
جەژنی نەورۆزە
لام زۆر پیرۆزە
دایەبابە بدەن نوقڵ و تۆشە
دڵم زۆر خۆشە
دایە بابە بدەن جەژنانە
جەژنی خۆمە جەژنی نەورۆزە
دڵم زۆرخۆشە لام زۆر پیرۆزە
جەژنە جەژنی نەورۆزە!
سوێد 2001/2/21

## تەماشا دایەگیان

تەماشا دایەگیان ئەو بولبولە
چەندە جوانە دەخوێنێ
لەسەر چڵی ئەو گوڵانە
باڵ نەخشین و ئارامی دڵانە
تماشا دایە گیان
ئەمنیش چەن جوانم
بولبولی بەسۆزم
بۆتۆ دڵسۆزم
خڕوخۆڵم نەرم و نۆڵم
دەستەکانم بگرە
دانیشە لەگەڵم
قسەی خۆشم بۆبکە
پێم نیشاندە ڕێی ژیان
مەمکە گریان و پەرێشان
بانەتکەم فەرامۆش
بانەبی پەشیمان و بێهۆش
سوێد 2002/3/1

## ئێمە منداڵان

ئێمە منداڵان
دڵناسکین پەپولەی ئاواتین
هەست بزوێنین
وێنەی ئەستێرە
دەدرەوشێینەوە
جوان و بێ‌ئازارین
خونچەی گوڵین
چرۆی داری ژیانین
سەرمایەی دوا ڕۆژی وڵاتین
دەخوازین بەهێمنی و
ئازادی و ئاشتی بژین
جێگامان قوتابخانەبێ
دوور لە ئازار و دەسدرێژی بین
دوور لە کاری نا مرۆڤانەبین
سوێد 2002/5/4

## ئێوە منداڵان

ئیوە منداڵان
دڵ و گیانی منن
گڕو گاڵی ناوماڵانن
خونچە گوڵی ناوباخانن

عەتر و گوڵاوی ناو باخانن
ژیکەڵە و ئێسک سوکن وردیلەو جوانن
کۆلکە زێڕینەی کوردستانن

شەمامەی بۆنخۆشی ناوبێستانن
هیوای دوا ڕۆژمانن.
سۆڵتانی سوێد 2002/5/29



جەمال عەبلی عەبان

# ئەمەوێ دایە

ئەمەوێ شیعرێ بنووسم بە دڵ
بیدەمە دەستی دایکێ وەکو گوڵ
بەدەست و دیاری بیهێنێ بۆتان
لە ناو ئینجانە داینێ لە لاتان
لە بنجی مۆخی کۆرپە بچێنرێ
لە قوتابخانە دانرێ بخوێنرێ
میوە لە بەر سێبەر لە بەردا
لەبەر ئاگردان هەتیو لە بەردا
بۆ لە بەر کردن بگونجێی گیانە
ڕوخسار مەولەوی پڕە گرانە
بۆ مندالانی ئەم کوردستانە
کۆرپە ناسکۆڵە._ دایە زۆر جوانە
بیری ج . ع .ع . وردە ئاسانە
بۆ مێشکی منالْ چاکە سامانە

---

## دایە

**من** :

کرووزەی دڵی دایکی پڕ لەسوێ
چوون زولاڵی شێر ئەیدا لەبەر گوێ

لەدەورت گەڕێم دایکی شیرینم
قەزات لە گیانم بە تۆ گەشبینم

بۆنی سەر سینگت عەتر و کولاوە
ناوو نازناوم بە تۆوە ماوە

دڵم هەناسەم ، _ شادم خۆشبەختم
کۆڵەکەی ماڵم._ پاشای سەر تەختم

دایە ئەزانی ..؟ چەندم خۆش ئەوێی
بە خەیاڵ گەڕام،_ گەورەم تۆ لەکوێی؟

دایە تۆ لەمن خۆش نەبی بە دڵ
ئاسوودە نابن کە چوونە ژێر گڵ

ئیتر نازانم تۆ بۆ من چۆنی
تاجی سەر سەرمی._ گوڵی بۆ بۆنی

گەردن ئازادی هەر لە تۆ جوانە
دە بڵێ دڵشاد بی تۆ ئەو قورعانە

## دایە:

لە ژیشکیان پرسی کێ نەوەی جوانە
ناسکتر کۆرپە هیمن سوڵتانە

من شیرم داوە بەتۆ ڕۆڵەکەم
تۆش منت دانا کە من کۆڵەکەم

ڕەوشتی بەرز و بڵندگۆی دنیات
من داوام وایە بەهەشت بێ جێگات

دایە و کۆرپە کەی لەگەڵ یەك دواون
تۆوی مرۆڤن بۆ دنیا ڕواون


مانگی گولانی 2003 یۆتیبۆری سوید
جەمال عەبلی عەبان ج. ع. ع

# چاوەڕوانی

خۆم دا بەدەم ....
شەپۆلی ئەو ڕووبارەوە،
کە تۆی خنکاند
بەو هیوایەی ...
بمداتە لا و ،
بمخاتە نیو باوەشتەوە.
وەکو درەختێکی پایز
خۆم دا بەدەم تەوژمی ئەو ڕشەباوە
گوڵی تەمەنتی هەڵوەران
بەڵکوبەسەر گۆڕەکەتدا بموەرێنیٚ و
بمنووسێنیٚ بە درەختی لاشەتەوە.

نزام بۆ و هەنگاوانە برد
تۆ جێت هێشتم... بیریان چووبوو هەنگاوبنێین!
بەو ئومێدەی ...
چاوم بەکلی دیدارت ڕەش بکات و
سۆماکانم بکاتەوە!
ئێستا لەسەر مەزارەکەتدا وەستاوم
تەنها جاریٚ بانگم بکە و،
نیگایەك بگرە دووچاوم!!
هەناسەکەم ....
هێندەی دووری هەردوو چاوم لە یەکتری،
لەتۆ دوورم
کەچی بارستاییەیەك گڵ ،
لەیەکمان جیا ئەکاتەوە!

لەبیرتە یەکناومان هەبوو
(خۆشەویستترین خۆشەویست)
ئێستا دووناو (مەرگ و ژیان)
دووپێناسە (مان و نەمان)
لەیەکمان دوور ئەخاتەوە!
ساوەرەوە ... هەناسەکەم
پرچەکانم... چاوی لەشانەی پەنجەتە
کە دایبێنیٚ




لێوی وشکم
چاوەڕێی بارانی ماچە
تینوێتی بۆ بشکێنیٚ
کەی دێیتەوە؟!
هەتا ئێستاش ...پەنجەرەکان پێوەنادەم
دەرگاکانیشم والآیە
یادەکانت سوری خوێنە و
لەناو قولآیی دڵمایە!
بزەکانت سیمفۆنیایە و
لەناو ژێکانی سەرمایە.
سا وەرەوە... هەناسەکەم
چاوەڕێتم ....
چاوەڕێتم....
چاوەڕێتم....

2003/5/21

**بە ئەندێشەی ئەردەشیر و عەلی کیتابی**
**بە قەڵەمی کارزان هۆمەر و حسێن حاجی عەلی**

# چمکێکی چکۆلە لە ڕۆمانی سارا

## بەشی پێنجەم

نووسینی عەلی کیتابی

ئێستا ئیتر شەبەق شەوقی داوەتەوە، ئەستێرەی بەیان ڕەنگو ڕووی پەڕیوە، تاقەت و توانای چاوبڕکێی لیٚ براوە، ئەحمەد بەشێنەیی کتریەڕەش هەڵدەچۆڕێنیٚ ئاوێکی تێوەر دەدا، دەر و دەرونی بە وردە زیخی نێو کانیەکە دەشۆریٚ و لەگەڵ تۆشەبەرەکەی توند و تۆڵ لە پشتی دەبەستیٚ، لە ناو ملانی نێوان (دەرەکوردان و شێخەڵتاریکەوە) بەرەو گوندی شێخەڵە بۆی شۆڕ دەبێتەوە.

هێشتا مەڕ و گاڕان لەناو دێدایە، چەن کەس لەسەر خۆڵە کەوانیٚ وەستاون یەکێکیان دەڵیٚ:

ئەرێوەڵا، ئەوە شوانەکەی گوندی سوننەتەیە،ڕەنگە دوێنیٚ ڕانەکەی لیٚ بڕبووبیٚ، بۆیە بەم بەیانیە زووە لە شاخی شێخەڵتاریکەوە دێتەخواریٚ.

ئەحمەد سڵاوێکی قورس و قایمیان ئاوقەد دەکات و دەڵیٚ:

ئەریٚ ئەگەر بەرەوژوور بە لچی چۆمدا بچم تووشی گەلە گەمالەکانی ماڵی ئاغا ڕەزاخانی ڕۆستەمان نابم؟ پیرە پیاوێك دەڵیٚ:

ڕۆڵەگیان بەم بەیانیە زووە بۆکویٚ، مەگەو گێژداخ کراوی وەك حەسەنی برای حەماڵی خۆت دەرخواردی گەللە گەماڵی بەگەکانی کەلۆڕ بدەی، مەگەر نەت بیستوە لەمێژە ئەوڕێگەوبانە تەرك کراوە؟

وەرە کوڕم پاروەنان و پیاڵە چایەك بخۆ، جا لە دامێنی دێوە، بەسەر بناوانەکەی قۆپی پیرسوندا هۆ بەو باسکەدا هەڵکشیٚ بچۆرە سەر شەقامەکەی سەرشیوی خوڕخوڕە، بۆهەرکویٚ دەچی خوا یارو یاوەرت بیٚ. ئەحمەد دەڵیٚ:

دەك ماڵتان ئاوەدان بیٚ، تازە تێرو پڕم خواردوە، ورگ و تۆشەبەرە کەم هەردوکیان پڕن، بە دۆعا.

وەك بێچوە پڵینگ لەچاو تروکانێکدا بەسەر بەند وبناوانی شاجۆگەی قۆپی پیرسوندا پەڕیەوە، هەڵکشا بەشەقامی سەرشیوی خوڕخوڕە دا، لە نێوان گوندەکانی قوتڵوو و دەرەقووڵە، لە دەراو دێی قشڵاخ ی ئەمین بەگ، بەناوەڕاستی کوندی خوڕخوڕەدا تێپەڕ دەبێت، لەسەر چاوگەی حاجیکەریم دەست و پل و پای بۆ دەشوا، بەباشی خۆی فێنك دەکاتەوە، جا لەداوێن گوندی (کانی سەیی) ڕادەبوریٚ کە دەکاتە داوێن دێچۆڵە بەناوبانگەکەی ( دایەخڵێڵ) دەنواڕیٚ کابرایەك خەریکی جووتی (کەشاوە)یەکێکیش خەریکی ئاودێرانە بۆ (کۆڵەوەس). لەلایەکەوە ئاوەنیا شین بووە، بەدەم باوە کەروێشکە دەکا، گامێش تێری لێدەخوا لەلایەکەوە تازە تیرەی کێشاوە، کابرای ئاودێر بەدەنگ دلێریەوە بانگ دنکا دەڵی:

کوڕە هۆی کاکی ڕیبوار، هەرکە هەی، بیکە بە سەیەقەی جوانیت و خێری مردووەکانت، بەقوربانتبم بچۆرە سەر ئەو کانی و هەسێڵە هەمووشتێکی لێیە ئاوریٚ بکەرەوە چایەکمان بۆ لیٚیٚ باپێکەوە بیخۆین، باوەڕکە خەریکە سویٚم ئەبێتەوە بۆ پیاڵە چایەك. چاوەکەم تۆشەبەرەکە وا بە گژ دارەکەوە نان و قەند و چای تێدایە.

ئەحمەد دوراو دور سڵاوێکی گەرموگوڕیان ئاڕاستە دەکات و ماندونەبونیان لێدەکات، بەرەو کانی و ئەستێرەکە هەڵدەکشیٚ کە دەبینیٚ دارتوویکی گەورەو کۆهەنساڵ بە لق و پەل پۆی دەشتێکی داگیر کردوە، سەکۆیەکی بە کاوگڵ سواخ دراو، کوانوو لەتەنشت دا هەڵبەستراو، مەسێی ئاسنین لەسەر دانراو، کۆگایەك ئازاڵە و کۆتەرە تنگز، لەپەنا دانراو، تەختە بەردێکی پان و ساف و سۆڵ و شیك و شیرین کراوەتە کەشەفەی چایی لەسەر تێکردن، تاسێکی گەورەی مسین و کەوچکێکی دارینی نەخشێنراو، دەسکاری باش ئۆسای کەوچکتاشی هەجیجی، سەرنجی ئەحمەدیان بەرەوخۆیان ڕاکێشا. بە دۆدانەیەکی لوولێنە لەخۆی پڕ لە دۆ و خەستەی خەستوخۆڵی پاڵێوراو، سووکە ماڵێکە لەم دەشتەدا، بەهەشتێکە بۆ تازە ڕێبوارێکی نامۆ بە ئاسۆی سەفەری نادیاریەوە.

خێرا ئاورێکی کردەوە کتریەکەی نایە سەر (مەسێکە)، ئەمجا چووە سەر چاوانەی کانیەکە، دەست و دەم و چاوو پاوپلی شۆری هاتەوە ئاورەکەی خۆشکرد. کابرای ئاودێر بانگی کرد وتی:

بەقوربانتبم دارگونجی ئەستێرەکەم بۆڕاکیشە لەسەر لێواری ئەستێرەکەی دانیٚ. ئەحمەد دارگونجی ئەستێرەکەی ڕاکێشا، هاتەوە پەنای کوانوەکە.

کاکەی جووتیار گاکانی بەر دەدا و دەیانکاتە سەر بەرەبای خەرمانەکە، نەقیزە دەنیٚ بەشانەوە، بانگ لەکاکی ئاودێر دەکا دەڵیٚ:

ئەریٚ کاکە نادر گیان بۆچی ئەمرۆ ئەوئەوستێرە وشکاوییەنایی؟ ماشەڵا ئەمرۆ جێگەی سیٚ پوت زیاتر کەشاوم کردوە.

ئێستا کتری دەستی بە جووزەلە لێدان کردوە. ئەحمەد تۆشە بەرەکەی خۆی دەکاتەوە بڕێك چایی تێدەکا، لەتەنشت ئاورەکە دایدەنیٚ تاباش دەمبکێشی. کابرای جووتیار وردە وردە لە ئەحمەد نزیك دەبێتەوە، بە زەردەخەنەی سەر لێو و ڕووی گەشاوە دەست و مۆچی لەگەڵ دەکات. دوای سڵاو و خیرامایی، دەچێتە بەر گونجی ئەستێرەکە، پاو پل و دەست و دەموچاوی خۆی دەشوا، ئەمجا دێتەوە پەنای سەکۆی ئاورەکە و دەڵیٚ،

دادەی بەقوربانتبم چام بۆتێکە چای، هێندە ئاموورم هەڵتەکاندوە وزەم لێبڕاوە، تینم تیانەماوە. ئەحمەد ئیستیکانەکان ئاو دەکێشی دووچای تێدەکات هەرتکی لە پێش خانەخوی و خۆیدا دادەنیٚ.

کابرا پیاڵە چاییەکە هەڵدەبڕیٚ تماشایەکی دەکات و دەڵیٚ:

حەیبا حەی، لەم چاییە، بیلامانیٚ هەرلە میزەکەی نەنکم دەچیٚ، بەخوا من قەت میزی پیرێژنم نەخواردۆتەوە. ئەگەر ئێمە تا ئێستا چایی ئاوامان بخواردایەتەوە ئێستا کۆڵەکەی ماڵەکەمان تەڵابوو!؟

ئەحمەد دەست دەبا کیسە چاییە چکۆلەی ناو تۆشە بەرەکەی دەرێنی کتریەکە سەرشکێن کاتەوە، کابرا توند مووچی دەکرێت توورەکە چای لەدەست هەڵدەپڕوچکێیٚ بە پێکەنینێکی تووڕەیی نوماوە دەڵیٚ:

کاکە گیان تۆ پێت وایە ئێمە (عەودەچەقۆلە) بەگەڕوتەی خوڕخوڕە یان چەتەین لەم چوار ڕیانەدا خەریکی ڕێبوار ڕوتەوە کردنین؟ یان پێتوایە

بەڕیبوار و پێواری ئەمڕێگە خۆمان بەخپو دەکەین؟ مەگەر پێم نەوتی نان و قەند و چاو هەمووشتێ وا بەتەمووی دارەکەوە؟ هەستەهەستە ئەو تۆشەبەرە بێنە خوار مشتێ چایی بکەرە کتریەکە تا پێت دەڵێم بەس بێ بڕانەوە چام بۆتێکە.

کوڕەی (کەشاوکەر) بانگ دەکا دەڵێ:

کاکە نادر گیان بەر گونجی ئەستێرەکەم بۆ ڕادەن با وشکاوی بێ، ئەرێ ئەوە ئیمرۆ ئەم ئەستێرە دوابڕاوە بۆ وشکاوی نایەت؟!

خاڵۆ نادر دەڵێ:

کاکە گیان، ئەستێر و ئاوو کەشاو، کوا ئاگایان لە ماندویی و برسیەتی مێشکی گەرما گەزتووی منو تۆیە. ئەوا من بەرگونجەکەت بۆ ڕا دەدەم، تۆیش ورد لەبەریانێکی ئاژینکە و بەجێی بێڵە و بەخوای بسپێرە.

ئاودێر، دارئاودێرەکەی دەچەقێنێتە سەر شەلەگەکەدا خاکەنازەکە دەنێ بەشانەوە ماڵکە ماڵك بەرەو میوان و مەنزڵ و ئەستێرەکەدێ.

تازە دانامەی خستوە، دەرپێ خامە سپیە قوڕاویەکەی تاپشتی چۆکی هەڵکردوە، تاکەشکەژنۆی قوڕاویە، مووی بەرملو ناوسینکی تێکلاون، هەر دەڵێی ساورێنی سەرگوڵخۆری کوێستانە. خۆی گەیاندە بەر گونجی ئەستێرەکە، لەپێشدا دۆخینی دەرپێکەی شل دەکاتەوە دایدەکەنێ دەینێتە بەر گونجەکە، بەپێ بڕێك دەیشێلی دەرپێ و دەموچاوو پاوپلی تێکڕا پێکەوە دەشوا، بەلنگی ڕوت دێتە بن دارەکە و دەڵێ:

دادەی ئەو پاتۆڵم بۆ فڕێدن با لەپییێکەم دەنا مێش و مەگەزی پایزی گەڵوگونم دەخۆن.

پاتۆڵکەی لەپێدەکات و دێتە پەنای کوانوەکە و بەخێراتنێکی گەرم و گوڕی میوانە کیویلەکەێ دەکات و دەڵێ:

جا بەقوربانتبم تا دەتوانی بێوچان چام بۆتێکە یەك بەدوای یەکا با تەمی نەڕەوێتەوە. ئەمجا ڕوو دەکاتە براکەی و دەڵێ:

دادەی برا گیان بچۆ دەستێ بکوتە ناو لۆدەکاکە بزانە شوتیەك نادۆزیتەوە لەگەڵ ئەم میوانە چکۆلە خۆشەویستە پێکەوە بیخۆین،

ئەویش دەڵی:

بەخوا مەگەر ئەم میوانەمان پێ بەڕسق و ڕۆزی بێت، دوسێ ڕۆژە جاروبار مرخم ئەجولێ دەستی تێدەکوتم هیچ نایە بە دەستمەوە.

حسێن بە کۆلکە شەنێکەوە دەکەوێتە وێزەی (لۆدە کا) بۆ شووتی دەگەڕێ. ئەحمەد هێندە چایی بۆ مامەی ئاودێر تێدەکا تا ئاهی سکی دەشکی و دەڵێ بەس. ئەمجا هەڵدەستێ دەس دەداتە تاس و کەوچك، تاسەکە لە دۆدانەکە پڕدەکا.

تاسی پڕلەدۆی خەستوخۆڵ لەسەر تاشە بەردی پان و پۆڕو شیك و شیرین دادەنێ، تۆشەبەرەکان دەکاتەوە، لەپڕ لەقریشکەی کاکە نادر دادەچڵکی کە دەڵێ: ئەرێ وەڵا دۆزیمەوە.

شووتیەکی سپی لۆریاسی بەبن باخەڵەوە، هاتەوە سەر سفرە و ژێرسێبەری مەنزڵەکە، شووتی لۆریاسی لە پەنای تاسەدۆی ترش و مزردا دانا.

ئەحمەدیش لەپێشدا تۆشەبەرەکەی خۆی کردەوە، ئەو شەش هێلکەی دایکی بۆی کولاندبوو لەبەردەستیاندا داینا، کاك حسێن دەڵێ:

بەقوربانتبم تۆ دەست لە تۆشەبەرەکەت مەدە، تۆ ڕیبواری باپێتبێ.

مام نادر دەڵێ: بەخوا لەو شەش هێلکە دوانم دەکەوێ، قسمەتی خۆمە بەشێخ جەلالەدینی گەورەشی نادەم، کاك حسێن دەڵێ:

کوڕە کاکە نادرگیان، قسمەتی چی؟ هێلکەی کوڕە بەستەزمانەکە مەخۆ، خۆکفری نەکردوە بەقسەی کردین، چای بۆلێناین، کاسە و کەوچکی کەڕەکیفاوی تەماتاویەکەی پێرەکەی بۆ شۆردووین. مام نادر دەڵێ:

کوڕە گەوجە گەوج، کواکوڕ هێلکە دەکا؟ بۆچی ئەم میوانە کوڕە یان مریشکی هێلکەکەرە؟

ئەحمەد دەدا لە تریقەی پێکەنین و شووتیەکە دەتلێنێتە لای خۆیەوە بەچەقۆ سێئەڵماسەکەی، کە کچانی بێریەوان، بەدیاری بەبەنی ڕنگاوڕەنگ، قەندەهۆن بۆیان هۆنیبۆوە، بەدەم شووتی شەقکردنەوە دەڵێ:

گریمان من مریشکم ئەم هێلکە چکۆلانانە من کردومە، ئەی ئەم هێلکە گەورە کێ کردویەتی، تۆ بڵێی ... نەقەڵەشابێ!؟

مام نادر کە پیاڵەچای بەدەمەوەیە، دەدا لە پڕمەی پێکەنین، چاو چڵم لە زار و کونەلوتیەوەن بەبەر سینگ و ناوگەڵی دا بازرەقە دەبەستێت، کاك حسێن پڕ بەخۆی ڕادەچڵەکێ دەڵێ:

کاکەنادرگیان، تۆبڵێی بیلامانی، لەژێریشەوە وەك سەرەوە خۆتت پیس نەکردبێت؟ مام نادر چڵم و مڵمەکەی دەسڕێ و ڕوو دەکاتە ئەحمەد و دەڵێ:

کوڕە بەخوا ئەوە هێلکەی من نیە، ڕەنگە هی فیل بێ، کوا هێلکەی پیاوی وەك من هێندە زلە.

تا قاوەتونێکی پڕ لە سەفا و جەفەنگیان خوارد، لارکە سێبەری بەرزاییەکانی بەردەقەل و باخان، ڕژانە چۆم، مام نادر دەڵێ:

کاکە گیان، من ناوم نادری، قادوی، کوڕی حەمەی لالەیە. ئەمەیش حسێنی برامە خەڵکی گوندی ماسیەری شێخین. جا تۆیش خۆتمان پێ بناسێنە.

ئەحمەد: هێندەی پێیخۆشبو ئەم جووتە برایەی ناسی، ئەوەی لە ناو دڵ و مێشکیدا بوو گشتی هەڵڕشتە بەر دەستیان. مامنادر دەڵێ:

بەخوا کاکەحمەد گیان ئەمشەو میوانی ئێمە دەبی، با باشتریش یەکتر بناسین. ڕەنگە ئێمەیش یەکێکمان لەگەڵتا بێن بۆ پێنجوێن. بەشکەم ڕەشی برام لەئاش هاتبێتەوە. یەکێکمان هاو سەفەرت بین. بڕێك شەکرو چامان پێویستە، خۆهەر نەبێ تا گونەکانی(شەیدان و میشیاو) هاوسەفەرت دەبین.

***

ماڵی خوا لێخۆشبوو (قادری حەمەیلالە) دەڵێی کاروانسەرایە یەکێدێو دەیان دەڕوا، ماشەڵا منداڵەورتکە هێندە زۆرن ژمارەیان

مشكیلەیە. ئاخر بەرەی سێبابی زیندوو و بابیكی مردوون. (سێ باوك) و چوار دایك، خوا نەی برێ دەڵێی مریشكن هەریەكێ كۆشێ جوجەڵە بەشوێنیانەوەیە. مام نادر ڕوو دەكاتە ڕەشی برای دەڵێ:

دوێنێشەو كابرایەك بەمنداڵێكی بەرمەمكانەوە، میوانی ماڵی حاجیحەمەمین بوو، ئەویش بۆگەرمێن دەچوو، دڵنیام ئەویش ئەمشەو یان لە گوندی (قامیشەڵەیە یان قەرەبوغرە) بەخوا ڕەنگە پێیان بگەن، بۆكاكەحمەد ڕەفێقێكی باشن.

هێشتا بەشێك شەوی ماوە، كارەشی جووتێ كەری جلو هۆڕ كردوە، تۆشەی سەفەریان بۆتیناوە، لەگەڵ شەقەی باڵی كەڵەشێری (پارشێیو) بۆی ڕێكەوتن. تاز زەردەی هەتاو لووتكەی كێوەكانی خەسرەوخان وسێفەسووری گەستووە، بەرەوژوورەی پیاوپروكێنی (گاكوژانیان نایە پشتیسەر. لە (سیامەر) و (برایم كوژراو) تیپەڕین و بەڕووی (دۆساڵی) و دۆڵی(دەرەڕا)دا شۆڕبوونەوە.

دەرو دەشت و هەرد و بەردی دۆڵی (دەرەڕا)و (خڕیوەستاسەیی) لەژێر ڕەپێڵگەی (ڕان و ڕەوگی) خێڵەجافا، وەها لێساولێس دراوە، (كێش و هەوری) پێدا ڕاكێشی چڵەپووشێكی پێوە نانووسێ، هەر دەڵێی مەعازەڵا گیای لێ نەڕواوە.

ئەحمەد و مام ڕەشی بەدەمەتەقێ هەریەكێ سواری كەرێكن، ئەحمەد دەڵێ: مام ڕەشی گیان، من ناوو ناوبانگی (دەرەڕا)م وەها بیستووە، دڵێن بەهاران پیاو لە (جەنەتو جەحووناتی) دەرناچێت.

كەچی، ئێستاك سیا كێوەكانی لای ئێمە لەچاو ئێرە مازندەرانێكن بۆ خۆیان! مام ڕەشی دەڵێ:

كاكەحمەد گیان ، ئەگەر (خێڵەجاف و بەراز و باڵدار و ناڵدار) بهێڵن! هیچ وڵاتێكی پڕ پیت و بەرەكەت وەك ئێرە لەسەر ئەم گۆی زەویەدا نیە. ئەحمەد دەڵێ:

– دەزانم خێڵەجاف بەو گەرمێن و كویستانی كەرانە دەڵێن كە بەهاران لەگەرمێنەوە دێن، تا (هەوەتوو)و (هەوشار)و (گەڕووس) دەڕۆن، بەخۆیان و پرو پاتاڵیانەوە كەژ و كێوی كوێستان دەلێسنەوە، بەرازیش واتە خووگ، حەیوانێكی زیانكارە، گەنم و جۆ و دانەوێڵە و بژیوی هەژاران دەخوا. بەڵام من تا ئێستا مانای (ناڵدار) و (باڵدار) نازانم ونەم بیستووە.

– ئەحمەد گیان. باڵدار بە (كوللە و سون) دەڵێن كە ئافاتێكی سروشتین، ئەوانیش هەر وەك جاف لەگەرمێنەوە دێن، بەرو بووم و دەرامەد و ڕەنجی جوتیاران دەخۆن. ناڵداریش، بە لەشكری شوومی شەڕ دەڵێن كە بە هەر كوێیەكدا بڕوات، هەست و نیستی هەژاران پێشێل دەكات. مام ڕەشی كە ئەشكی چاڵی چاوەكانی دەسڕێ و دەڵێ:

– بەڵێ كاكەحمەد گیان ئێمە بەدەست ئەم ئافاتانەوە زەلیلین، پارەكە ئەم حەلانە. حەسەنی برام، ناغافڵ و بێتاوان بەگوللەی جافەكێویلە و سەربازە كانی عەجەم كوژرا. ئێمە ئەم ئافاتانەمان هەیە، خۆ ئێتر دز و درۆزن و جەندرمە شرۆڵەی پالەوی و شێخ و بەگ و گزیریش سەرباری

هەموانن. ساڵێ دەجار دەمانڕوتێننەوە. لەدەشتی ڕۆستەمبەگ كوژراوو بەردەسوڕنا پەڕینەوە. هەڵیانكردە دۆڵی (ئەحمەدچاوش)و لە(خڕی وەستاسەیی) ئاودیو بوون. پایزە و (ناوخوانی) بەناوبانگ دارستانێكی چڕو پڕە. پایز پیر بووە هێشتا پەڵەی نەداوە، گوێژ و هەرمێكێویلە تێكرا ڕژاونەتە بن دارەكانیان. ورچ و بەراز و مەلو مارو مێروو، مێشوولەو زەردەواڵە و گیانداری ماڵی و كێوی سەریان تێكردوە، باشاری ناكەن. گەڵای دار قەزوانەكان قژڵ ومۆر و كەسك و شین، لەبەر تیشكی هەتاو دەڵێی كۆلكە زێڕینەی پاش بارانی بەهارانە،بە دەیان ڕەنگ دەدرەوشێتەوە، هەستی دەروونی هەستیاران و ئەویندارن دەبزوێنی و سەرنجیان ڕادەكێشێ.

كە گەیشتنە سەر گەردەنەی (ناوخوان) ئەحمەد سەرنجی توند كردە سەر پەڵە هەورێكی كەمڕەنگ و نەزۆك كە بەسەر بەرزایی كانی (شەفەقەت)ی پشتی شارۆچكەی پێنجوێن دا پەلی خۆی ڕاكێشاوە. بایەكی نەك زۆر هێمن بەڵكوو برێكش دڕ و تووش وەك تاقە گورگێكی هار و برسی پەلاماری ڕانەمێگەل بدات و دڕنی پێبدات پرینگە پرینگە و پەرش و بڵاویان كاتەوە، ئاوەها پەلە پەلە هەوری كاڵوكرچ و نەزۆك بەسەر بەرزاییەكانی تەرتۆڵی و دۆڵەكانی (ناوگویزانەكانی) پشتی گوندەكانی بالیكەدەر، شێرە و شەیدان، میشیاوو ماڵەگەورە و چلچەمەدا، بەرەو چیاكانی دورباش و هەیوانساری تێدەپەڕن.

ئەحمەد.. خۆی وەك ئەو پەڵە هەورانە هاتە پێشچاو بێئەوەی نمتك ببارێنن، بێئیختیار بەرەو ئاسۆی نادیار و هەوارێكی نادیار دەڕۆن. مەعلوم نیە شەو میوانی كام لووتكەچیایی بەرز و بڵیند و سەركێش دەبن. و یان شین و شەپۆڕ و زوخاوی مەنگ و پەنگخواردوویان بەسەر كامە كێڵگەی وشك و تینودا هەڵدەڕێژن.

كە لە كەلی ناوخوان ئاودیو بوون، ژنوپیاوێكی، كۆڵو منداڵ بەكۆڵیان، وەدیكرد. كابرایمنداڵ بەكۆڵ تەپلەیەكی نەوگین بەسەر، بە كوتە پەڕۆیەكی ڕەش، لەجیاتی (مشكی) لە دەورئاڵاندراو، وردە وردە ماندوو و مردوو، ژن و منداڵەكەی وەپێش خۆی داوە. بە تۆزی كڵاشیچەكیەوە، دڵێی ڕێویە بە ئەنقەست هەژگی بە كلكی خۆییەوە بەستوە. دیارە لە ترسی تۆزو خۆڵ ژن و منداڵەكەی وەپێش خۆی خستووە.

كابرا لە ورەور و خرمەخرمی كەرسوار و كەر، ڕاچڵەكی و ئاوڕی دایەوە. خێرا ڕێگەی بۆچۆڵ كردن. بە ژنەكەی وت:

ئافرەت وریابە ڕێگاكە چۆڵكە با ڕەدبن.

ئەحمەد تەزوو بە نیوشانیدا هات، خێرا سیمای ئەوسای سارا و مام كەریم و منداڵەكانی وەبیر هاتەوە. خێرا خۆی خستە خوارەوە، كەچی بینی مام ڕەشی لەو زوتر دابەزیوە بەرۆكی كابرای گرتوە داویەتە بەر باس و خواس. كابرا لەبەر كۆكەكۆك و شەكەتی ڕێگا فریای وەڵامدانەوە ناكەوێ. ژنەكەی وەڵامی دەداتەوە. ئەحمەد لەمام ڕەشی دەپاڕێتەوە دەڵێ:

تۆخوا مامە گیان با بڕێك یارمەتیان بدەین خێرمان دەگات.

ئەی بەسەر هەرتك چاوم، كوڕم پێتوایە ئەگەرتۆ نەتگوتبا من ئاوزیانم نەبوو؟ خێرا پڕ دەكاتە كابرادا كۆڵەكەی لەكۆڵ دەكاتەوە دەیكاتە دوو بەش و لە دووتای خورجێكی دخنێ و دەڵێ:

_دادەی خەشكم كۆڵەكەتم بەرێ خۆت وەرە سواربە ژنە دەڵێ:

_ بە قوربانتبم كۆڵی من كوڵ نیە بڕێك پەڕۆو پاڵە بۆ نەرمی و گەرمی ژێر قنگی منداڵەكەم گرتومەتە كۆڵمەوە.

مامڕەشی لەكۆڵی كابرا و ژنەكەی، بارگەیەك دروست دەكات و ژن و منداڵی لەسەر سوار دەكات و پیلی كابرا دەگری و بەزۆر سواری كات كابرا دەڵێ:

_ بەقوربانتان بم كۆڵم بە كۆڵەوە نەبی پێویستم كوا بە سواریە.

_ مامە گیان بە پێی ڕەسم و یاسای كاروانی كەرانی ڕێگای دوور دەبێ سوارو پیادە پێكەوە بساچێنن زوڵم لێكتری نەكەن. ئێستا ئێمە سێ پیاو و دوكەر و دایك و منداڵێكین. بە پێی یاسا دەبێ كەرێكیان بۆ ئەو منداڵە و دایكی تەرخان كرێت. چونكە هەقی خۆیانە. دەمێنینەوە سێ پیاو و تاقە كەرێك دەبێ نۆرەی پێبكەین. لە پێشا سەرەی تۆیە چونكە هەرخۆتو خواو ژنەكەت دەزانن چەن شەوو ڕۆژە ئەو كۆڵە بەكۆڵتەوەیە.

لایەك زۆر و لایەك خوایشت كابرا سولر دەكەن و بە دۆڵی شلێردا بۆی شۆڕ دەبنەوە. پێش ئەوەی بگەنە دەراوی گوندەكانی هۆبەسووتە و عاوەلان، هەتاو دەكەوێتە پەلەقاژێی ئاوابوون. هەورێكی سپی لەپشت هەتاوی تازە لە كەل ئاوابوو، هەر دەڵێی زنجیرە چیای شاهۆ و زاگرۆسە بەفر داپۆشیوە. كاڕەشی دەڵێ:

_ تماشا تماشا، بەناشوكری ناڵێم ئەم هەورە نەزۆكە مەعازەڵا خێر بەناوچاویەوە نیە؟ ئەحمەد دەڵی: مام ڕەشی گیان ئەم شەو دەچینە كامە گوند؟

_ بەخوا ناچارین لەبەر ئەو منداڵە نەوەك لێمان بباریٰ ئیمشەو بچینە گوندی بالیكەدەر.

سەرەنجام بەدۆڵی بالیكەدەردا هەڵكشان.

تازە تاق و جووت پیرە پیاوە نوێژ كەرەكان لە مزگەوت دێنە دەرەوە بەرەومالٰ دەڕۆنەوە. وەك هەموو ڕێبوارانی نا بەڵەد و بێخانەخوێ لەبەر چەقی درگای مزگەوت، هەڵوێستەیەكیان بۆ كرد.

پیرە پیاوێكی دڵتەڕی مشكیوجامانە تێكلاو بەسەر، پستەكێكی سپات بەسەر پاتۆڵ و مرادخانی لەبەر، عاسا بەدەست و شەلەشەل لەپلیكانی مزگەوت دێتە خوار. هەڵویستە یەك دەكا و دەڵێ:

ئەرێ كاكی ڕێبوار وادیارە خانەخویتان نیە؟ مامڕەشی دەڵێ:

_ بەرێوەڵا مزگەوت خانەخوێمانە.

_ بەقوربانتانبم ئێوە ژن و منداڵتان پێیە چۆن دێڵم میوانی مزگەوت بن. ئادەی وەدووی خاڵیخۆتان كەون. هەر كولێرەی دێمیلە و گاڵ و گەنمەشامیە گەوادەكەنیە؟ خۆ بزنە قسرتان بۆ سەرنابڕمز

كە دەگەنە بەر درگا، بە هەموو هێزی بانگ دەكا دەڵێ:

_ ئەرێ ئافرەت بێینەماڵەوە یان لەبەرهەیوان زانیشین؟

– پیاوەكە بۆخۆت دەزانی، بەڵام بەرهەیوان خۆشترە، خۆ بەناشوكری ناڵێم ئەم پایزە هەر هەوری كرد و بەڵام نمتكیش باران لەئاسمان نەهاتە خوارێ. ئێوە لە هەیوان دانیشن خوا بكا پێو قەدەمی ئەم میوانانە بباریٰ .

كچێكی بەلەباریكەی مێرمنداڵ پڕیدایە ژنەكە، منداڵەكەی لەباوەش گرت، پێدانووسا تێر ماچیكرد، ڕوویكردە ئەحمەد و وتی:

دادەی كاكەگیان گوێدرێژەكانتان لەسەر ئەو ئاخوڕە ببەسنەوە خۆیشتان وەرنە بەرهەیوان، پووریٰگیان من و تۆیش بابچینەماڵەوە.

لەچاوتروكانێكا هەیوانی فەرشكرد، چڵۆسكێكی لەكوانووی ماڵەوە هێنا نایەناو كوانووی هەیوانەكە بڕێك چیلكە و كەڕەگەڵای كردەسەریا فوویەكی لێكرد، گرەمشخەلانێكی بەرپا كرد. حەوجۆشی پڕلەچا و دووسیٰ ئیستیكان و قەندانێك پڕلەقەند دەنێتە بەردەم باوكی و دەڵێ:

_ بابەگیان ئەوە تۆو میوانەكانتن منیش دەچمەدەم میوانی هاوچەشنی خۆمەوە.

پاش چارەكەسەعاتێك بەنانەشانێك پڕ لەكولێرە و لەنگەریەك پڕ لە قوبڵی ساوەر، پەزپراییەكی ئەوتۆی لە میوانەكانی كرد، چما زۆر لەمێژ خۆی بۆ ئەم میوانداریە ئامادە كردوە.

پاش نانوچا خواردن، خانەخوێ میوانەكانی پرسیارباران كرد. مام ڕەشی بەئامادەییەوە هاتە سەرچۆكا وتی:

_ من ناوم ڕەشی كوڕی قادری حەمەیلالەیە، خەڵكی گوندی ماسیەری شێخ م، بۆكڕینی پێویستی ماڵ دەچم بۆ پێنجوین، پێموایە پێرارەكەش شەوێك میوانتان بووم. كابرای خاوەن ژنومنداڵیش دەڵێ:

منیش ناوم عەوڵای سۆفی شەریفە، زۆر لەمێژە خەزوورم پایزو زستان بۆ مزووری هامووشۆی شارەزووری دەكرد، پارەكە وەكوو ئێستای من پرۆپلاسی پێچایەوە، بۆهەمیشە ڕووی كردە شارەزور، چونكە خزمە ئیفلیجەكەی مرد بۆ هەمیشە بووبە داشداری منداڵە كانی. منیش بەرەو ماڵی خەزوورم خۆم داوە بەدەم چۆمی چارەنووسەوە. كابرای خانەخوی هەناسەیەك هەڵدەكێشی، دەڵێ:

دەی كاكەچكۆل ئەی تۆ؟


ئەحمەدیش بەوردی بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە. خانەخوێ دەڵێ:


_ هەموومان هەر .. سەروقنگی كلاشێكین. منیش خەڵكی ئیسەوڵێی مەریوانم ساڵەها بۆ بژێوی ژێلنی دایكوباوكە پیرەكەم، گەرمێن و كویستانم كرد بەڵام دڵكەنەی ئاوی ساردی كانیو سێبەری دارگوێزە كانی شلێر و مەریوان نەبووم لێرە گیرسامەوە.

هیندە مەستی قسەی خۆشو شەوچەرەی پایزی بوون بۆیە بە شەقەی باڵی كەڵەشێردا زانیان پارشێوە. كەوەخەبەریش هاتن نیوەی عەمری ڕۆژ گاری پایزیان لەكیس چووبوو. بەرقلیان و قاوەتوونیان كردە یەكی جا ماڵاواییان كرد وەڕێكەوتن.

ئایا بەختی ڕەشی سارابوو كە بەشەو لەكاتێكدا بەناو گوندی نزارەدا تێپەڕین. سەگو شوان سارا و ... دارو بەرد لە شیرین خەوجابوون.؟

دەبا چاوەڕوانی چارەنووسی ئەحمەد و سارا بین


دوکانێکی یاری منالان فرۆشتن لە رۆژهەلات
مارکێتێکی یاری منالان فرۆشتن لە رۆژئاوا
Karzan Omer 03


Karzan Omer 03

**سلێمانی** بەم ژمارە تەلەفۆنە 25852 بۆ مامۆستا ڕەوف حەسەن و کاک عەتا حەمەئەمین عەلی ڕەزای خۆشەویستم!

جارێکیتر لەدایکبوونی کۆرپەی ئازادی مرۆڤایەتی لەناوەڕاستی(بين النهرين) شوێنەواری بەشێك لە بێشکەی شارستانیەتی بەشەری لەخەڵکانی هەمیشە مەزڵومی بەسرە و بەغدا وجیهان بەتایبەت کورد و کەرکووکی هەمیشە بە ڕۆنی خۆیەوە سوورەوەکراو و سووتاو لەقوڵایی دڵمەوە پیرۆزبایی دەڵێم. هیوادارم بە پێچەوانەی مێژووی تائێستایی ئەمجارە لە نیەتی نگریسی شەوە و مامانی شووم بپارێزرێ. مامۆستا گیان هاوکات لەگەڵ ئاڵو گۆڕی ناوچە، گۆڕانکاریەکی چکۆلەی موسبەتیش لە شێوە کار و پراکتیکی یانە پیرۆزەکەمان پێکهاتووە. لقێك لەیانەی سارا لەسەر ڕیشەی ئەسڵی خۆی سەرکەوتووانە پێکهات. ئەمەش بەڵگەی نیەت ئامانجمانە، کە روون و ئاشکرایە، هیوادارم بتوانین مەوجودیەتی یانەی سارای سەیاری شاری سەقز و سەنتەرەکەی لەسلێمانی بپارێزین. 2003/4/11

...............................................................................................................

**گۆڤاری جیهانی منداڵان هەستاوە بە یارمەتی دانی یارمەتی بژیوی ئەم منداڵانە**

**بەرپرسی دابەشکردنی ئەم یارمەتیە نەسرینی حسێنی**

**لیستەی ناوی منداڵانی بەشدار بوو لە یانەی سەیاری سارای منداڵان لە شاری سەقز لە ڕۆژ هەڵاتی کوردستان!**

| ژمارەی پێناس | ناو و شۆرەت | مێژووی لەدایکبوون | ناوی باوک | ناوی دایک | یارمەتی مانگانە | ئیمزا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 058993-3 | بهرۆز کەرەمی | 1379 | ئیسماعیل | تووبا | 9000 تمەن | |
| 056970-3 | سەباح حەبیبی عەرەبلەنگ | 1379 | عوسمان | نازد | 9000 | |
| 304160-6 | ئیلهام خۆشقەدەم | 1380 | موحەمەد | زوهرە | 9000 | |
| 021162-0 | جەعفەر کەرەمی | 1370 | عەلی | سۆیبە | 9000 | |
| 060434-7 | سەمیرە نومازی | 1380 | هادی | مریەم | 9000 | |
| 052573-0 | فەرزانە ئیساقی | 1378 | مەحموود | نەهیە | 9000 | |
| 015078-8 | شەیدا کەسنەزانی | 1369 | محمد سەعید | سوعدا | 9000 | |
| 054246-5 | شەو بۆ سالحزادە | 1378 | حەسەن | خاوەر | 9000 | |
| 050974-3 | یۆسف حەسەنپوور | 1377 | موحەمەدئەمین | گوڵەباخ | 9000 | |
| 044099-9 | مریەم کیتابی | 1375 | موحەمەد | زوهرە | 9000 | |
| 045321-7 | لەتیفە کەریمی | 1375 | محمد ساڵح | ڕەحیمە | 9000 | |

بەرپرسی دابەشکردن ................................ نەسرین حسینی

...............................................................................................................

مامۆستا ڕەوف گیان:تکایە پێش بە خۆدا چوونەوەی خۆمو خۆت بۆ لێکدانەوەی ڕابوردو و داهاتومان، بۆ دابشکردنی ئیمکاناتی مەعنەوی و مادی خۆم و گۆڤارەکە بۆیانەی سارا لە سەقز و سلێمانی: پێویستە بە بەرنامەیەکی ڕوون و ڕۆشنەوە بە پێی توانامان هەنگاو هەڵێنین. تا ئیستا بڕیانەبوو تۆ دەستی یارم بۆ هیچ لایەنێك درێژ کەیت، بەڵام لەمە بەدوا وەك سەرپەرستی ئۆرگانێکی (هەق بەجانب) پێویستە هەقی خۆت بەحکومەتی ئێستاو داهاتووی کوردستان بسەلمێنی و بستێنی. پێویستە پاشان لەم بارەوە بدوێین. 2003/4/11 **عەلی کیتابی**

**سلێمانی** فاکسی ژماره 29 به ژماره تەلەفۆنی 25852

**بۆ بەڕێزان مامۆستا ڕەوف حەسەن و کاك عەتا حەمەئەمین عەلیڕەزا**

**مامۆستا ڕەوف گیان وەك لە 2 نامه و فاکسی پێشوو دا، واته (نامەیەکی ناوەخت و نەخوازراو) که له دواین لاپەڕەی ژماره 4ی گۆڤاره کەماندا چاپکراوه، وه له یەکەمین پاڕاگراف و سەرەتای فۆرم و ڕاپۆرتی پێکهاتنی یانەی سەیاری سارا لەشاری سەقز. وه له وتووێژیکی تێر و تەسەلی تەلەفۆنیدا وەك بڕیار و پێشنیاز،پێم ڕاگەیاندی، تا ئێستا بڕیارنەبوو تۆ دەستی یارمەتی بۆ هیچ کەس و لایەنێك درێژ کەیت، بەلاّم پاش شەڕ و شادی و ئاڵ و گۆڕی ئێستای ئێراق و به تایبەت کوردستان و تایبەتتر کەرکووك و سلێمانی پێویسته تۆ وەك سەر پەرشتیاری ئۆرگانێکی خێرخواز و کاری و کارامەی (هەق بەجانب) هەقی خۆت و منداڵ و مامۆستا و دەستەی دەرکارانی یانەکەمان بەحکومەتی ئیستا و داهاتووی هەرێم بسەلمێنی و بستێنی. خۆشبەختانه بۆ ئەم داخوازیه بەهەقه بەڵگه و کار و پراکتیکت فراوانه.**

**مامۆستا گیان: وەك له وتوو وێژ و بەخۆدا چوونەوەماندا، وەعدم دا، تا ئارام بوونەوەی وەزعی هەرێم، ئیمکاناتی مادی مەعنەوی خۆم و گۆڤارەکه، نیواو نیو بۆ یانەی سەیاری سارای سەقز و یانەی سارای بەشارا کراومان له سلێمانی دابەش دەکەین. هەر بۆیەش لێرەدا ڕووتان تیدەکەم و دەڵێم: کاك عەتا و مامۆستا گیان: میقداری دوسەد200 دۆلارم بۆناردن بەم ژماره تەلەفۆنه( 7525008) ڕۆژی شەمه 4/19 لەکاك جەزای وەرگرن.**

**مامۆستا گیان وەك پێشنیارم پێکردوون: خوشکه لەعلی له ماڵەکەی خۆتانا و بەنۆره ڕۆژی5کەس له منداڵەکان پەروەردەکات. خوشکه نەزیرەش وەك هەمیشه بەرپرسی پاکوخاوێنی و یارمەتی دەری خوشکه لەعلی بێت. ئەو 200 دۆلارەش 60ی هی خوشکه لەعلی و 40ی هی خوشکه نەزیره و 100ی بۆمنداڵەکان سەرف کرێت.ئیتر لەم هەل و مەرجه تایبەتیه دا پێویستمان به ( موباحس)ی کۆمەڵایەتی نیه. دایکو باوکی منداڵەکانیش بەر پرسی هێنان و بردنەوەی منداڵەکانیان دەبن.**

**مامۆستاگیان هیوادارم لەم چەن مانگانەی ڕابووردو دا و ئیستا، که هەلومەرجێکی تایبەت و گونجاو بۆ نووسەرانی ڕووناکبیری سەربەخۆی خاوەن هەڵوێست و(ناڕازیانی ناقیدی زەبەردەستی شەقڵی بێدەنگی شکێن، تۆیش ئەرکی سەرشان و ویژدانی خۆتت ئەنجام دابێت، بەرهەمی مێشك و قەڵەمەکەت له گۆڤار و ڕۆژنامه ناودارەکاندا تۆمار کرابێت.**

**هەر وەها گۆڤاری جیهانی منداڵانیش که به داخەوه خۆتت لیّ دووره پەرێز گرت؟ ئێستا چاوه ڕوانه دیمەنێکی واقیعی له منداڵانی به برسی و بێدەرمان مردوو و دەست و لاق قرتاوی ئیستای ئومولقەسر و بەغدا و بەسرا و ئەوسای منداڵانی دەستوپیّ پەڕیو و بەگازی ژاراوی خنکاوی هەڵەبجه و ... له یەك تابلۆ و دیمەنی هاوبەش دا به جیهانیان بناسینی. ئەگەر به مەسڵەحەتت زانی نوسخەیەکیشی بۆ گۆڤاری جیهانی منداڵان بنێره تا لەم ژماره پێنجه دا چاپی کەین.**

سوێد 2003/4/18 مودیر و مەسئولی گۆڤاری جیهانی منداڵان **عەلی کیتابی**

**سلێمانی** بەم ژمارە تەلەفۆنانە بگات بە مامۆستا رەوف حەسەن 25852 وە 3155848

## ئاهەنگی شادی و
## شیوەنی مادی !!؟؟
### دیمەنێك لە ڕواڵەت و حاڵ و ئەحواڵی (نەسرین و نەزیرە)

ڕوژی جومعە 2003/5/9 ڕۆژێکی ڕوناك و پرشنگدارە لەمێژوی ژیانی خوشکە نەسرین مودیر و بەرپرسی دابەشکردنی (کمك هزینە زیستی) واتە یارمەتیدان بۆ بژیوی منداڵانی هەژار، بەتایبەت منداڵانی کەم ئەندام.

بەڵێ سەرەنجام خوشکەنەسرینی حسێنی پاش زیاتر لە 2 ساڵ هەوڵ و تەقالا بۆ بونیادنانی یانەی سارای منداڵان لە شاری سەقز، لەرۆژهەڵاتی کوردستان، ئیمرۆ جومعە 9/ 5/ 2003 پاش مانگو نیوێك لە سەقامگیر بون و بونیادنانی یانەی سەیاریسارا، ئاهەنگی بۆدەگێرێ.

بۆشوێنی ئەنجامدانیئەم ئاهەنگە، پێشترگوندی کەسنەزانی لە جنوبی شاری سەقز هەڵبژاردوە، ئەوگوندەی کە بەئاوو هەوا و باخو و باخاتیەوە (لوبنانی) کوردستانە. خوشکە نەسرین، پێنج ڕۆژ پێشتر بۆ ئاهەنگ و جێژنی ئەم بیرۆکە و ئاکارە مرۆڤانەیە، بەرانێکی تایبەتی قەڵەوی، سەرگوڵخۆری کویستانی نەکەرۆزی کڕیوە ناردویەتە گوندی کەسنەزان.

بەڵێ هەرئێستا ئیمرۆ 9/5/ 2003 کە سەعات 10ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی جومعەیە بەکاتی سوێد، 12ونیوە بەکاتی کوردستان، خوشکە نەسرین بەخۆی و 12منداڵی یانەی سارایەوە، هەروەها بەخۆیو خاڵۆ و خوارزا و پوور و پوورزا و دایك و نەنکیەوە، لە ناو باخوباخات، کەوێڵو و کانی و، جۆگەلە و جۆباری بەهەشت ئاسای شاگوندی کەسنەزاندا، خەریکی شادیو سەیرانە.

بابزانین خوشکە (نەزیرە) بە 2 منداڵی چوارمانگ و 2ساڵە و، مێردە نۆکاو فرۆشەکەیەوە لە چ حاڵێکدا دەژین!

سەرەتای مانگی 9 ی 2002 ڕۆژێکی پڕ لە هیوا و ئومێد بوو بۆ خوشکە (نەزیرە حەمەئەمین عەلیڕەزا) چونکە بیرۆکەی لەمێژینەی دامەزراندنی یانەی سارای منداڵان لە شاری سلێمانی بەئاکام گەیشتبوو (عقد) واتە سەنەدی ئیجارەی بینایەك مانگی بە1500دینار بۆبارەگای یانەی سارا ئیمزا کرابووز بڕیاردرابوو هۆدە و بەرهەیوانێك لە تەبەقەی سەرەوەی بیناکەیان بدرێتێ، مێردەکەی شەوانە چاودێری بیناکەبێ بۆخۆیشی ڕۆژانە بەرپرسی پاك و خاوێنی یانە و منداڵەکانبێ. لە پێناوی چاودێری شەوانەی مێردەکەی و ئەرکی پاك و خاوێنی ڕاگرتنی یانەو منداڵە کان، بێجگە لەوەی لە کرێی خانو و ئاو و کارەبا (مەعاف) دەبن نەزیرە مانگانە مووچەیەکی کەمی بەنەسیب دەبێت، مێردەکەیشی وەك هەمیشە بە نۆکاو فرۆشتن لەسەر عارەبانەکەی لەبەر دەرکی مزگەوتەکاندا درێژە بەژیانی هەژارانەیان دەدەن.


ئەوسا، پاش پازدە ڕۆژ چاوە ڕوانی، ڕۆژی 2002/9/16 کۆڕپەی ئاواتی لە مێژینەی خاوەن بیرۆکەی یانەی سارا و خەون و خەیاڵی خوشکە نەزیرە وك لفەدوانە پێکەوە لەدایك بوون. نەزیرەی (دووگیان) و مێرد و منداڵەکەی داڵدە و نیوە مووچەیەکیان، وەچنگ کەوت.

ئێستا، کە تەخت و بەختی سەدام بۆ هەمیشە نابود کراوە، باشووری کوردستانیمەزن، بەتایبەت سلێمانی دوبەختەکی ئازاد کراوە، گەرچی هێشتا زیاتر لەچوار مانگ کاتی کرێی ئیجارەی ماوە، (خوداوەندیکاتی) سەرپەنای نەزیرە بە تووڕەییەوە بڕیاری داوە! ئەگەر نەزیرە و مێرد و منداڵەکانی نەڕۆن لەوناوە، پۆلیسیان بۆ دێنێ تا بە شێوەی قانوونی حوکومەتی هەرێم شڕەو شاتاڵیان بداتە ئاوا.

وادیارە گەرچی لەشکری بۆش کۆشکی سەدام و حیزبی بەعسی وەلاناوە، تۆزقاڵێك نان و ئازادی بۆهەژاران نەهێناوە ناهەقمان نیە ئەگەر دەڵێین: بەداخەوە ژێر بینا دەقاو دەق هەر وەکخۆ ی ماوە! تەنیا و تەنیا هەر مۆرەیە گۆڕاوە

ئەو کەسەی خوازیاربێ بە پۆلیسەوە بێتە ئەوناوە، بۆ ئەوەی شڕەو شاتاڵی ئەو هەژارانە بداتە ئاوا، بێگومان تنووکێك خوێنی ئینسانی لەناو شادەنارەکانی لەشیدا نەماوە.

2003/5/9 **گۆڤاری جیهانی منداڵان**



**لیست پرداخت هزینه زیستی کودکان (سارا) در شهرسقز کردستان**

...............................................................................

شنبه 82/1/16 هزینه رفت و برگشت بانك.............400 تومان

یکشنبه82/1/17 بابت عکس شەوبۆ لتیفه وسەباح 900

2 ش 82/1/18 بابت دستەچك و رفت وبرگشت 1100

2 ش 82/1/18 بابت فتوکپی مریم و مسعود و لتیفه 150

3 ش 82/1/19 بابت هزینه پست و رفت برگشت 2200

4 ش 82/1/20 هزینه رفت و برگشت بانك 400

5 ش82/1/21 روز پرداخت پول بچەها بابت رفت برگشت 1500

3شنبه 82/2/9 هزینه خوراك و رفت برگشت به منزلشب بۆ 700

شنبه 82/2/13 هزینه رفت و برگشت بانك 300

شنبه 82/2/13 هزینه خوراك و رفت و برگشت به منزل

شیدا کسنزانی 700

شنبه 82/2/13 بابت خرید یك رئس گوسفند 70000

2 ش82/2/15 بابت کرایه 2 روز تویله برای گوسفند 1500

2 ش 82/2/15 بابت کراماشین فرستادن گوسفندبکسنزان 500

3 ش82/2/16 خرید 2 دفتر خودکار ................. 350

4 ش 82/2/17 بمنزل شەوبۆ رفتم هزینه خوراکی 200

5ش82/2/18 بابت خرید زروف یکبار مسرف برای سفر و1700

بابت هزینه سفر و جشن سیران کسنزان روزجمعه

خرید نان و 2 کیلو روغن و یکشیشه ابلیمو.............. 2700

بابت 15 کیلو برنج کاك عبدله کاك عمر پرداخت کردمد

خرید 23 کیلۆ خیار.............................5500

خرید 13 کیلو گوجەفرنکی.................................2900

خرید 4 بسته نمك ........................................100

جمعه82/2/19 خرید پفك و شکلات و بیسکویت...........3500

کرایه ماشین سباح و شیدا برای رفتن بمنزل..................400

کرایه فیلم بردار..................................................17000

خرید فیلم عکسبرداری.........................................1500

5 شنبه82/2/25 هزینه رفت و برگشت بانك.............. 300

شنبه82/2/27 بابت رفت و برگشت پرداخت پول بچەها .1200

پرداخت پول هزینه زیستی 2 ماهه بچەها ........... 220000

حق الزحمت 2 ماهه خودم ..............................80000

پرداخت پول تلفون برای خارج مستقیم ......................5000

5000تومان در حساب پس انداز بابت دریافت دستەچك....5000

جمع کل پولیکه در این 2ماه فرستادەاید ..................450000

جمع کل خرج تاکنونی ......................................427700

باقیمانده .................................................... 22300

خواهرزادەات نسرین حسینی 89/2/27

## کۆچی‌سارا لە سلێمانیەوە بۆ سەقز و دیواندەرە بۆچی؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، پێویستە چاوێك بە نامیلکەی (چەند بەڵگەیەك دەربارەی بیرۆکە و بونیادنانی یانەی سارا و کۆڤاری جیهانی‌منداڵان لە سوێد و سلێمانی‌دا بخشێنرێت.)

بیرۆکەی پڕۆژەی (یانەی سارا ) پاش پەشیمانی و بێزاری و کشانەوەم لە سیاسەت و حیزبایەتی! پتر لە پێنج شەش ساڵ لەوەپێش لە مێشکمدا شکڵی گرتبو، ببوو بەکۆشکی خەیاڵم. گەرچی ئیمان بەم ئامانج و ئاوات و ئارەزوەی من.. لەم وڵاتەی ئێستا تیێ‌دا دەژیم و بۆتە وەتەنم، زۆر لەمێژە شکڵی گرتوە، لەوساوە بۆتە نیاز و زەرورەت بۆسیستەمی سەرمایەداری. زۆر گرینگە قامك لەسەر ئەو خاڵە گرینگە دانێم و بڵێم: سیستەمی سەرمایەداری بەخاتری برسێتی و (بێبەزاعەتی) منداڵانی هەژاران ئەم کارە پیرۆزەی بە ئەنجام نەگەیاندوە، بەڵکو بە خاتری (سوودی) سەرمایەی خۆی کردویەتی و دەیکات، بۆ ئەوەی سوودی زیاتر لە میشك و لەشی دایکان و باوکانی مندڵان وەرگرێت. بەڵام هەر ئەم کارە بۆتە ڕەسم و یاسا و فەرهەنگ و تەمەدونی وڵاتانی (غەرب) واتە ڕۆژاوا.

بە کورتی و کوردی و بە پێچەوانەی شیعار و کرداری ئەو حیزبەکومونیستانەی پێیان وایە دەبێ کۆمەڵگەی سەرمایەداری واتە غەرب لەبێخ و بنچینەوە تێکدرێ جا ئەوسا دنیایەکی یەکسانی دروست کرێ! منیش پێم وایە و دەڵێم:

گوناحە با ئێمەی کۆمۆنیست کۆشکی کردەی مێشك و لەشی (غەربیەکان) کە بە هەزاران ساڵ پێکیان هێناوە و ئێستا ئێمەیش برێك تێیدا حەساوینەتەوە، نەڕوخێنین، بەڵکو وردە وردە نمونەی ئەم فەرهەنگ و تەمەدونەی ئێرە بە دیاری بۆ ئەو وڵاتەی لێیەوە هاتووین ببەینەوە و کۆشکی یەکسانی پێك بێنین. ئەمەیە ئامانج و ئاواتی من.. بیرۆکە و بونیادنانی یانەی سارای من بۆ ئەم مەبەستەیە.

بۆ ئەوەی بە ئیمکاناتە سنووردارەکەمەوە بتوانم بێ‌ئەوەی ببمە پاشکۆی لایەنێك، بڕیارمدا لەگوندێك یا لە گەڕەکێکی هەژارنشین ئاواتەکەم وەدی‌بێنم، بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا گوندی چاخلوو، و چیچیخوار و گەڕەکی (حەماڵاوا)ی شاری (سەقز)م هەڵبژارد. بەڵام بەداخەوە خزم و برا و بەتایبەت تاقە فرزەندەکەم، تائەو ڕادەیە بوونە (سەددی) سەر ڕێگەی ئاکامی کارەکەم و خیانەتیشیان پێکردم.

سەرەنجام پاش هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر و بێسنوور ئەو کارە پیرۆزەم بە مامۆستا ڕەوف حەسەن سپارد بەو بڕیار و هیوایەی لە گەڕەکێکی فەقیرنشینی شاری سلێمانی ئاواتەکەم وەدی بێت.

ئیدە و هەلومەرجی ژیانی کاتی مامۆستا ڕەوف حەسەن بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئامانج ئاواتەکانی من زۆر (مساعد) هاوسەنگ و لەباربوو، بۆیە بەرپرسیاری ئەم کارەی بە ئیمکاناتی مەعنەوی و مادی منەوە، وەئەستۆگرت و بە شێوەیەکی بڵندپەروازانە و شیرین و شیاو بە ئەنجامی گەیاند. گەرچی زۆر زوو بۆم دەرکەوت هەر لە سەرەتاوە دووخاڵی هەرە گرینگی ئامانجی من، واتە دووری لە سیاسەت و ڕەگەز پەرستی و دامەزراندنی یانەی سارا لە گەڕەکێکی فەقیرنشین دا جێگیر بێت کەچی ئەو بەقازانجی سیاسی شەخسی خۆی لە گەڕەکی دەوڵەمەندنشین لەو شوێنەی زۆربەی ماڵی وەزیران و دەوڵەتمەردانی حوکومەتی هەرێمی تێدا دەژیان خانووی بەئیجارە گرت. بۆیە دام و دەزگای (پاراستنی) حکومەتی هەرێمی سلێمانی لێی کەوتنە گومانەوە پێیان وابوو دەستی هێزێکی سیاسی لەدژی ئەوان لەپشتیەتی.

شێوەی پەروەردە و بارهێنانی یانەی سارای هێندە ڕێکوپێك و بە دەربەست و مودێڕن بەڕێوە دەبرد. بۆیە منیش بەهای کارەکەیم چ لەباری مادی و چ لە باری مەعنەوی‌یەوە بە باشی (پەرداخت)کرد. پێم وایە ئەم تەنیا پاڕاکرافە بۆ دەربڕینی سوپاس و پێزانینی من بۆ ئەو کافیە.

**سلێمانی** فاکسی ژمارە 22 تەلەفۆنی 25852دەربارەی یانەی سارا.

بەڕێز و خۆشەویست مامۆستا ڕەوف حەسەن گیان، لەقووڵایی دڵمەوە پیرۆزبایی لە تۆ و خوشکە لەیلا و ئەو کەسانەی یارمەتی مەعنەویان دایت دەکەم.

مامۆستا گیان ئەو کارەی کەمن وەك دایکێکی دووگیان ماوەیەکی دوور و درێژ بە لفەدووانەوە جەڕاو، تۆیش وەك مامانێکی لێهاتوو و دوکتۆرێکی کارامە بەخۆم و مەلۆتکەکانمەوە بە ساغوسەلامەتی ڕزگارت کردین، بەڵگەیەکی بایی‌داری مێژوویيت لەمێژووی ژیانی خۆم و خۆتدا تۆمارکرد. دیسانەوە ماندوو نەبوونیت لێ دەکەم.

لەکاتێکدا مەست و سەرخۆشی بەئاکام گەیشتنی یەکەمین ئاواتم بووم. دووهەمین ئاواتیشم کە ئەم گۆڤارەی جیهانی منداڵانەیە، لەسەر بڕیاری پێشوو وەك ئۆرگانی یانەی سارا بە بڕێك کەمو کوڕیەوە، وەك پشتیوان و مادی و مەعنەوی یانەی سارا لە سوێد و سلێمانی، بەڕەسمی بە ئاکامم گەیاند، چووە سەر سایتی ئەنتیرنێت و پیرۆزبایی باران کراین.

پاش چوارمانگ بە هەزار زەحمەت توانیم 32 نوسخە بگەیەنمە دەستی مامۆستا ڕەوف حەسەن، بەداخەوە نەك خۆی بە شەریکی ئەو کارەی من قەبووڵ نەکرد، بەڵکو بە شێوەیەکی ناشیاو لەو بەشە لە کوردستانی ئازادکراودا بڵاوکردنەوەشی قەدەغەکرد.

لەگەڵ هێرشی ئەمریکا و تەعتیل بوونی گشت کاروباری حکومی و مەدەنی هەرێم. من و کاك شەهاب بە مەسڵەحەتمان زانی بەشێك لە ئیمکاناتەکەمان بۆ یانەی سەیاری سارا لە سەقز و دیواندەرە تەرخانکرێ. بۆیە ئەونیوەکەی کە 200 دۆلار بوو لەگەڵ بیر و ڕای خۆمانم بۆ نارد. بەڵام بەداخەوە نەك تەنیا وەڵامی نامەکەی نەداینەوە، بەڵکو هەڵوێستێکی هێندە نابەجێی بە حەرەس و نەزافەتچی یانەکەمان کرتبوو، من بۆخۆم لە نووسین و گێڕانەوەی شەرم دەکەم.

من بەپێی توانام ئامانج و ئاوات و دەستکەوتەکانی تا ئێستام دەپارێزم. ئەم گۆڤارەش بە کامێرای تۆمارکەر و ئاوێنەی سەرتاپانومای وتار و کرداری یارمەتی دەران و پشتیوانانی دایمی و بەینابەینی خۆم دەزانم. ئۆمێدەوارم مامۆستا ڕەوف حەسەنیش ئەو تەرح و بەرنامە و ئەزموونو پراتکتیکەی بە ئیمکاناتی مەعنەوی و مادی و ڕەنجی ساڵەهای من وەچنگی کەوتووە، بیپارێزی و پەرەی پێبدا و لەدەستی نەدات.

2003/5 **بونیانگوزاری یانەی سارا و سەرنووسەری گۆڤاری جیهانی منداڵان لە سوێد و سلێمانی و سەقز و دیواندەرە عەلی‌کیتابی**

# کۆتر شین و زەوی سپی

چیرۆکی محەمەد فەریق حەسەن



"کار وەها بڕوات لە برساندا دەمرم"

کۆترە شینکەکە ئەمەی لە بەرخۆیەوە وت و بە هاوڕێکانی ڕاگەیاند: "چیدی خۆم پێڕاگیرنابێ دوور دەفڕم، بەڵکو نەختێ بژیوی پەیدا بکەم."

کۆترێك وتی:

"زەمین سپیە هیچت بۆ پەیدا نابێ. با ڕەشایی بکەوێتەوە ئەوسا پێکەوە دەفڕین." ئەوانی دیکەیش ئەم ڕایەیان بەلاوە پەسەند بوو.

بەڵام کۆترە شینکەکە بێپەروا دای لەشەقەی باڵ و جیابۆوە.

سەدان کۆتربوون. برسی و ڕچیوی سەرما.. کون و ڕەفە و ئەشکەوتەکانی چیایان کردبووە داڵدە.. چیای بڵند و سەخت. کەیلی بەفر..

کۆترە شینکە تەنیاکە دوور کەوتەوە. بەدەم فڕینەوە ئامۆژگاریەکانی دایکی دەهانەوە یاد:

"چاوێکتان لە ئاسمان بێ نەبادا ببنە نێچیری واشە و باز و هەڵۆ. چاوێکیشتان لە زەوی بێ نەوەکا ببنە نێچیری ڕاوچیان..."

کۆترە شینکەکە لەو بەرزاییەوە چاوی دەگێڕا. نە لەئاسمان و نە لەزەوی جم و جووڵی هەست پێنەکرد.. ئەوەی دەجووڵا ڕووبارەکە بوو چون مار دەکشا.لە سەرزەمین درەختەکان سپی، پادەشت سپی و چۆڵ و هۆڵ.. دیسان قسەکانی دایکی هاتنەوە یاد:

"ئەکەر دانی ڕۆکراوتان بینی سوور بزانن فێڵێك لە ئارادایە.. فریو مەخۆن. برسیبن چاکترە لەوەی بە داوەوە بن.."

بەردەوام دەفڕی و چاوی دەگێڕا.. پارچە زەویەکی بەدیکرد، بەفری لێ چووبۆوە. لە نێو دنیای سپیدا ڕەش دەچۆوە. لەسەرخۆ داهاتەوە لەسەری نیشتوەوە. کەوتە گەڕان و پشکنینەوە بەشێکی دیکەی فەرمایشتەکانی دایکی وەبیرهاتەوە:

"دەعبای کێوی هەن خۆیانتان لێدەکەن بە نوستوو یان بە مردوو تاکو فریوتان بدەن..."

کۆترە شینکەکە دەگەڕا. بەدەم سۆراخی خۆراکەوە، لەبەر خۆیەوە وتی:

"جا خۆ بەقسەکانی دایکم بێ، دەبێ سەر لە کون دەرنەهێنم..!" سەری هەڵێنا. هیچینوێ لەئارادا نەبوو.

"جمو جووڵی سەر بەفر بەئاسانی دەبینرێ." ئەمەی وت و کەوتەوە گەڕان. برسی و ماندو. لەسەرماندا خۆی گیڤ کردبوو.. گەورەتر دەینواند.. حەزی لێبوو بگمێنێ تاکو کەمێ ورە بداتەخۆی. کەچی هەرچەند کۆشای دەنگی دەرنەهات.

خەونی بە گەنم و هەرزنەوە دەبینی. بە دەنووکە تیژەکەی خێراخێرا زەوی هەڵدەکۆڵی. لەناکاو دەنکە گەنمێکی بینی. خێرا خواردی.. دەنکێکی دی.. دوانی دیکە.. پەلەپەلی پێکەوت. ئیدی لە خۆشیاندا خەیاڵ و قسەکانی دایکی بیرچوونەوە.. بێخەم دانی دەخوارد.. نەختێ چووەپێشتر. ژمارەیەکی زۆر دەنکە گەنمی دیت. بەدەم دان خواردنەوە ئاوەهای بۆ دەچوو:

"هەبێو نەبێ بارەگەنمێك لێرەوە ڕت بووە.. بارەگەنمەکە کونی تێدا بووە.!" دەنکە گەنمەکان وەك کاروانی مێرووله بەشوین یەکدا ڕیز ببووە.. کاتێکی زانی چیکەڵدانی گەورە بووە و لە پێشیەوە دەلەرێتەوە.. لەبەرخۆیەوە وتی: "ئەوەندەم خواردوە تا هەفتەیەکی دیکە برسیم نابێ.!"

لەپڕ، لەژێر پێ بچکۆلەکانیدا زەمین لەرزی. لەژوور سەریشیەوە جووڵەیەکی خێرای دەس پێکرد. هەمووی لە چاو تروکاندنێکدا ڕوویدا. ئەم دنیا گەورەیەی لێهاتەوە یەك. لەنێو تۆڕێکدا بەند و گرمۆڵەبوو. چەند خۆی

ڕاپسکاند و هەوڵیدا دەرباز نەبوو.. دەیتوانی تەنیا سەری لە ئەڵقەی کونی تۆڕەکەوە دەربهێنێ..

لەنێو تۆڕەکەدا خەمێکی قورس دایگرت. لەدەرەوەیش خاوەن تۆڕەکە بەدەم زەردەخەنەی ڕا لەخۆبوونەوە لێی دەهاتە پێش.

× × × ×

خاوەن تۆڕەکە گوێنییەکی بەکۆڵدا دابوو.ئەو بەتەمابوو پڕی بکات و بەدەسکەوتی زۆرەوە بگەڕێتەوە، بەڵام کاتێ سەرنجیدا بە بێزارییەوە وتی: "خۆئەوە تۆڕەکەم تەنیا کۆترێکی پێوە بووە.! کۆترێك بەکەڵکی چیدێ؟.. کەواتە سەری تۆڕەکانی دیکە دەدەم و پاشان دەگەڕێمەوە ئێرە."

خاوەن تۆڕەکە ئەمەی وت و دوور کەوتەوە.

*

کۆترەکە هێندە هەڵفڕ هەڵفڕی کردبوو، بێوڕە و ماندوو لە گۆشەیەکی تۆڕەکەدا هەڵکورمابوو. ئەو سەدان جار بە شپرزەییەوە سەری بەنێوان تۆڕەکەدا کردبوو. لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانیبو خۆی ڕزگارکات. ئەوەندەش دانی خواردبوو چیکەڵدانی هەڵئاوسابوو. ئیدی چۆن بەکونەکانی تۆڕەکەدا بچێ؟

کۆترەکە وردە وردە هێمن بۆوە. کەوتە بیرکردنەوە و رامان. لەپڕ بیرۆکەیەکی بۆهات.. ئیدی هەر لەئاستی خۆیەوە بە دەندووك بەربووە تاڵێك لەڕایەڵکانی تۆڕەکە. دیتی زۆر بتەو و بەهێزە. هێنای هەمان تاڵی نایەسەر پانەبەردێکی چکۆلەی بەردەم خۆیو بێوەستان بەدەنووك دایگرتەوە. ئەوەندە خێرا دابوویە بەر دەنووك چاو کاری لێنەدەکرد. دوای ماوەیەك، بەماندو بوونێکی زۆر داوەکەی قرتاند. لەودەمەدا ئازار هورووژمی بۆسەرو گەردنی هێنا، بەڵام گوێی نەدایە. ئەو لەخەمی ئەوەدا خۆی دەرباز بکات. چەند هێزی دایە بەرخۆی هێشتا هەر نەیتوانی ئەودیوی تۆڕەکە ببێ. ئەو بە کەلەبەرەکەوە نەدەچوو. دەبێ هەوڵ بدەم داوێکی دیکەش بقرتێنم. دەنا ڕزگار نابم."

کۆترەکە ئەمەی لەبەر خۆیەوە وت و تاڵێکی دیکەی پاڵ داوە قرتاوەکەی هێنایە سەر بەردەکە و بەدەندووك کەوتە کوتانی. ئەو خێرا و بەهێز دەنووکی لەسەری بوو. ئەگەرچی ئازاری زۆری هەبوو، بەڵام کۆڵی‌نەدا. ترسی ئەوەی لەدڵ گەڕابوو، خاوەن تۆڕەکە بگەڕێتەوە سەری. بەڕەنج و تەقەللایەکی زۆر توانی ئەم تاڵەشیان بپسێنی. ئیدی دەلاقەی تۆڕەکە فراوانتر بوو. خوێنیش دڵۆپ دڵۆپ لە بنی دکنووکی دەتکا. پەڕە نەرمەکانی بەرگەردنی سوور هەڵکەڕابوو.

کۆترە شینکەکە، پێ پەمبە وردیلەکانی لەزەوی گیرکرد و بە هەموو هێزیەوە خۆی بە کەلەبەرەکەدا کرد. کاتێکی زانی بەئاسمانەوە باڵەفرکەیەتی. "ڕزگارم بوو!!"

بەخۆشیەوە وەهای وت و بەو بەرزاییەوە سەرنجێکی ژێر باڵەکانی دا.. دیتی واخاوەن تۆڕەکە جارێکی دی دەگەڕێتەوە هەمان شوێن.

کۆترە شینکەکە هەوراز بەرەو تاقی ئاسمان هەڵکشا و ئەمجا ڕێك بەرەو چیا دایەوە لە شەققەی باڵ.


کۆپنهاگن 2000/1/25

**محەمەدفەریق حەسەن**



## ئاورێك لە منالآنی ولآت

رەسولّ سەفەریانی



وەرزی بەهارە و کیژی تاو ئاشقانەتر لە هەمو وەرزەکان ئەڕوانێتە گۆی زەوی و، ئاکامی ئەم روانینە ئەویندارانە، بزوتنی خوێنی ژیانی دوبارەیە لە دەمارە جەڕدراوەکانی زەویدا و پێستی سپی هەڵگەڕاوی دەگەشێنێتەوە. سروشت ئەبێتە بووکێکی رازاوە و هەموو گیانلەبەران بانگەشەدەکات بۆ بینینی ئەو هەستە بە سۆزە و ئەو هێزە بزوێنەرەی کە لە ئەوین پێك دێت. بۆیە لە مار و مێروو تا کۆتر و هەڵۆ و هەموو بوونەوەرانیدەستەمۆ و سرك و کێوی، پێشبڕکێیانە بۆ بەشداری لەم شاییە گەورەدا. جا هەر کەس لە سرووشت نزیکتر بێت ، بەش و چێژی زۆرتری دەبێت لەم شاییەدا. کە واتە گوندی لە شاری خۆشحاڵتر دەبێت بە رێك کەوتنی بەهار و جەژنی بووژاننەوەی ژیان لە رواڵەتی زەویدا.لە گەڵ دوایین چرکەکانی هەموو شەوانی بەهاردا، بە قوقەی کەڵەشێری بەیان،مزگێنی هاتنی رۆژێکیتر ئەدرێتە هەموو وشیاران و بوونەوەران و لایەنگران و بەشدارانی جەژنی سرووشت. گوندی، لێفەی شەو جێ دێڵێ وپێلوی چاوو هەڵئەگلۆفێ و، خەو ئەتارێنێ و ئەچێ بەرەو پیری رۆژ. وەك دڵی گوند ئەکەوێتە گەڕ و،بە دەرکردنی مەڕ و ماڵات و ئامادەکردنیان بۆ سەیرانی سروشت، گەشە و نەشە دەخاتە دڵی ئەوانیش و هەر یەکە لە توانای خۆیدا و بە گوێرەی جۆری دەنگەکەی هەوڵیسازکردنی سەمفۆنیای ژیان ئەدەن. بارەی بەرخ و بۆڕەی گاو سەرەی گوێدرێژ و وەڕەی سەگ و قوقەی کەڵەشێر و جریوەی چۆلەکە و.. هتد، هەموویێکەوە لە سەرەتای بەیانەکانی بەهاردا بە ساز کردنی سومفۆنیایەکی هەمە رەنگ و زیندو، ئەچن بەرەو پیری رۆژ و،چاو لە نیگای ئاشقانەی تاو و تریقانەوە و گەشبوونەوەی زەوی دەکەن و چێژ وەردەگرن. بەڵام بەشی مندالآنی فەقیر و بێ دەرەتانی گوندیش لەم شاییە، بە قەد بەشی منالآنی فەقیری تۆو و ئالاسکە و بنێشت فرۆشی شارە، کە تا پیاڵەیەك تۆو دەفرۆشێ، ئەبێ بۆڵە و قوتەی دەیان کەس قبوڵ بکات و، ببێتە گاڵتەجاڕی منالە دەوڵەمەندەکان و دەیان جار پاڵی تێوە بنێن و، دەرکرێتە دەرەوە ودەرگای حەوشەی لێ داخرێت.لەم شاییە بەهارانەی سرووشتیشدا گەرچی حەوشە گەورە و بێدەرگایە و خاوەن شاییەکە دەست و دڵ ئاوەڵایە و بۆ هەمووان وەك یەك ئەڕوانێ، بەڵام بە هۆی یاسای دەسەڵاتدارانی داگیرکەر و ناعادڵەوە، بەشی منالآنی فەقیری گوندیش لەم بەهارە خۆشە ، پاش دەرس و مەدرەسە ( ئەگەر بەختی دەرسخوێندنی پێ درابێت) گیا کەنێکە و تەلیسێ خاڵی بۆ پڕکردن لە شنگ و گیلاخە و قازیاخە و کەنگر و گیابەهاریەکانی ترە، بۆ فرۆشتنیان لە شار و دابین کردنی پێداویستیەکانی ژیانی بنەماڵەیان.

جووتێ کەوشی لاستیك و پاتۆڵ و بلوزێکی شڕ، داپۆشەری لەشی منالآنەیانە و، جلی شایی و خەم و مەدرەسەیانە.لەلای نیوەڕۆدا گەرمای تاوی بەهاری، کەوشی لاستیکیان لە پێ دەردێنێ و مەجبوریان دەکات بە پێخاوس دەشت و دەر و درك و داڵ بپێون، بۆ کەندن و چنینی گیابەهارە و پڕکردنی تەلیسەکانیان. ئەم کارە و دەیان کاری وەك، لای بەرغەل و گاگەل و کاری زەوی، لەزۆربەی ماڵەکاندا، ئەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆر بۆ منالەکانیان بێنن تا دەس لە دەرس ودەور هەڵبگرن و ببنە یارمەتیدەری ئابووری خێزانەکەیان.

ئەمەش وەك هەزاران نمونەی دلتەزێنی تر لە نایەکسانیەکانی ئاکامی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و دواکەوتویی و پارێزکارانی سەرمایەداریی، ئەچێتە ریزی کاری نایاسایی و زۆرەملی منالآنەوە، کە جگە لەوەی بەهۆی کەمی تەمەنیانەوە، کەس بۆی نیە وەك کرێکار کەڵکیان لێ وەربگرێت.بەهۆی نایاسایی و نەبوونی چەترێکی قانونی پشتیوان بۆ ئەم کرێکارە بچکۆلآنانە، ناچنە ریزی هیچکام لە یاساگەلی کارەوە، هەر بۆیە لە خزمەتکارییەکانی وەك بیمەی دەرمان و بێکاری و نەخۆشی و روداوەکان و دەیان بیمەی پێویستی تر بێبەشن و، ساڵانە سەدان منالّ لە ولآتی ئێمە، لە کاتی خەریکبوون بەو جۆرە ئیشانەوە،تووشی سەدەمە و زیانی وەك، دەست و پێ شکاندن و بریندار‌بوون و مار گەستن و نەخۆشی ئەبن و، بەبۆنەی نەبوونی داودەرمان و کەرەسەی پێویست لە ژینگەیاندا و نەبوونی هێزی فریاکاری، گەیاندنیان بە دەواو دوکتور دژوار دەبێت، یان ئەگەریش دەگەنە شار، بە هۆی گرانی ئەو خزمەتکاریانەوە، ناچار بە پاشەکشێ و پەژیوان بوونەوەیان لە خەوتن لە نەخۆشخانەکاندا دەبن، یان ئەگەریش بکەونە نەخۆشخانە، بۆ دابین کردنی خەرجی ئەو داودەرمانە موشکڵەی گەورە توشی خێزانەکانیان ئەبێت.

باسی نایەکسانییەکان و دەردەکانی ولآت، بە تایبەت دەردەکانی منالآن، لە تاقەت و توانای وەها وتار و نوسراوەگەلێکدا نییە و، ناتوانین ئاماژە بە هەموویان بکەین. بەڵام هەوڵمان ئەوەیە کە بە گوێرەی توانا و هۆ و موناسبەتەکانەوە، ئاوڕێکی هەرچەن کورتیان لێ بدەینەوە.بەوهیوای کە بە ورد بوونەوە لە ژیانی رۆژانەتان، بۆ ناسین و ئاشکرا کردنی نایەکسانییەکان و پێشێلکردنی مافە سەرەکیە ئینسانیەکان، لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە،تێ بکۆشین و شان بە شانی یەك بۆ وەدەس هێنانیان خەباتێکی هەمەلایەنە دەس پێبکەین. بە هیوای ئەو رۆژەی هەموو منالآنی ولآتی ئێمەش، لە ژیانێکی ئینسانی و پڕ لە یەکسانی بەشدار بن.